حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# خوێندنی کوردی

## ڕێبەری مامۆستا

قۆناغی بنەڕەتی
پۆلی دووەم



حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# خوێندنی کوردی

## ڕێبەری مامۆستا

### قۆناغی بنەڕەتی
### پۆلی دووەم


## لیژنەی دانان

| | | |
|---|---|---|
| د.ئیبراهیم قادر محەمەد | د. سەباح ڕەشید قادر | صادق أحمد عثمان |
| نەمام جلال رشید | نازدار ساڵح حمید | گوڵنار حەمە ئەمین عەزیز |
| عەبدوڵڵا حەسەن قادر | هیدایەت ئەحمەد کەریم | سەلیم عەلی عومەر |
| خەلیل حەمەد ئەمین خضر | ئەسعەد عەزیز محەمەدد | ئەژین ساڵح ئەحمەد |
| بەناز عەبدولکەریم محەمەد | خەندە خالد ئیسماعیل | محەمەد وەیسی محەمەد |



چاپی دووەم (١٤٤٣)کۆچی (٢٠٢٢)زاینی (٢٧٢٢)کوردی

**سەرپەرشتی زانستی چاپ**
**صادق أحمد عثمان**
**ناهده رحمان ابراهیم**

**سەرپەرشتی هونەری چاپ**
خالید سەلیم محمود

**نەخشەسازی**
عوسمان پیرداود کواز

**نیگارکێش**
شنو یحیی خضر
جوهر محمد عمر
**بەرگ**
ئاریان عبدالخالق سەرسام

**دیزاینی بەرگ**
ئاری محسن أحمد

**بژاری هونەری**
نێرگز نورالدین کاکە مصطفی

# پێشەکی

قوتابخانەماڵی دووەمی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی قوتابییە، هەمیشە کتێبەکان چاکترین دەرفەتبوون تا لە ڕێگەیانەوە مەبەست و ئامانجەکانی پەروەردە و فێرکردن بپێکرێن، بۆ ئەم مەبەستەش ، زمان لە گشت بوارەکاندا ڕۆڵی کارای خۆی دەگێڕێت؛ نەك تەنها وەك ئامرازێکی گەیاندن، بەڵکو وەك بیرکردنەوە و ئامانج و مەبەست کاری بۆ دەکرێت.

پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردی – لەم کتێبەدا – کە بە زمانی دایکە، پێویست دەکات لەسەر بنەما و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی کوردەواری دابڕێژرێت، لە هەمان کاتدا کار لەسەر گەشەپێکردنی زمان لەم تەمەنەدا (٧ –٨) ساڵان بکات و دانەکانی (مفردات) بەرنامەی خوێندنی زمان لەم تەمەنەدا پڕاوپڕی تەمەنەکە بن و پرۆگرامەکانی بۆ ژینگە و کەسێتی قوتابی ئەم قۆناغە گونجاوبن و لە چێوەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا بن، ئاسۆی بیرکردنەوەی قوتابی فراوان بکەن، هەروەها بزوێنەر و هاندەربن بۆ خۆشویستنی کتێب و خوێندنەوەی کتێب، تاکو ئاسۆی جیهانبینی منداڵی/ قوتابی کورد لە ڕووبەرێکی تەسکدا قەتیس نەبێت.

مامۆستای بەڕێزا ئەم کتێبەی خوێندنی کوردی – پۆلی دووەمی بنەڕەتی – هەر دوو وەرز – بۆ ساڵێکی خوێندن، لە کۆمەڵە بابەتێکی دەستبژێرکراو بۆ ئەم ساڵ و تەمەنەی قوتابی لە پۆلی دووەمدا دانراوە، کە هەر دوو ژانری (پەخشان و شیعر/هۆنراوە) لەخۆ دەگرێت، بە شێوەی:

– دەقی بە پەخشان نوسراو بۆ خوێندنەوە و چێژوەرگرتن.

– دەقی بە شیعر نوسراو بۆ گەشەپێدانی ناسینەوەی بیرۆکە و بەهاکانی ئەدەب.

– سیناریۆ، بۆ پتر ئاشناکردنی بیرۆکە و ئامانجە پەروەردەییەکان بە زمانێکی خێرا و هاوڕێ لەگەڵ وێنەی تایبەت بە سیناریۆکە.

هاوڕێ لەتەك ئەم بابەتانەدا، بۆ هەر یەکێك لە دەقەکانی ناو کتێبەکەدا، کۆمەڵە چالاکی و مەشق و ڕاهێنانێك ئامادەکراون، کە هاوکات یاریدەدەرن بۆ گەنجینەکردنی (Save) زانیارییەکان و چەسپاندنیان و کاراترکردنی مێشك و دەست و گوێ و چاوی قوتابی و بەتواناکردنی قوتابی بۆ دووبارە سود لێوەرگرتنیان لە بوارە جیاجیاکانی تری ژیانی قوتابیدا؛ بۆ دوورخستنەوەی لە بە ئامێرکردنی و گوێئاخنین (تلقین)، تاکو ئاوەزی قوتابی بخاتە سەر ئەو کارامەییەی کە (بپرسێت، وردببێتەوە) ئەوسا وەڵام بداتەوە. ئەمەش واتای پەرەپێدانی تواناکانی قوتابییە لەلایەك و گەشەپێکردنی کارامەییەکانی خوێندنەوە و خستنەوە کاری هەموو ڕۆشنبیری و زانیارییەکە لە ژیانی ڕۆژانەدا، نەك هەر تەنها بۆ خوێندنەوەیەکی وشك و برینگ و ئەزبەرکردنی بێ چێژ و بەرهەم. مەعریفە بە قوتابی دەدرێت – لە ئاستی تەمەنەکەیدا – تاکو ببێتە هۆکارێك بۆ بزواندنی سۆز و خرۆشی قوتابی و پاشان بەکارهێنانەوەی – کە مەبەستی سەرەکی خوێندنەوەیە – بەم شێوەیە ئامانجە پەروەردەییەکان گەڵاڵە دەبن، بەرە و بەرجەستەبوون دەڕۆن، کە بە ڕەفتاربوونیانە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا.

بەرنامەی خوێندن بە مەبەستی پێگەیشتن (النضج) و فراوانکردنی بیرکردنەوەیە لای قوتابی – لە هەر پۆلێکی خوێندندا بێت – بۆیە پێویستە زۆر بە ئەمانەتەوە مامەڵەی لەتەك بکرێت، دەقەکان تێنوێتی شکێن و ئارەزوو بزوێن بن، مەیل و ئارەزووەکان بوژێننەوە و پاراویان بکەن. بەرنامە بۆ خەملاندنی ئەو کەسانە بێت، کە کۆمەڵ چاوەڕوانیان دەکات، تاکو ئەرکی مرۆڤانەیان ڕادەستبکات،

بۆ بەردەوامیدان بە ڕەوتی کاروانی ژیان.

مامۆستای ئەم کتێبە ئەو کەسەیە، کە پەروەردە لە فێرکردن لێی چاوەڕێ دەکرێت؛ چونکە بازنەی یەکەمی خوێندنی بنەڕەتی (پۆلەکانی : یەکەم، دووەم، سێیەم) ئەو قۆناغەیە، کە تیایدا قوتابی فێری خوێندنەوە و نوسین و بنەماکانی بیرکردنەوە و بەدەستهێنانی کارامەیی تەواوی فێربوون دەبێت. هەر ئەمەش وای کردووە مامۆستای ئەم قۆناغە و کتێبە، ساڵ لەدوای ساڵ، ئاگاداری بەرنامەی ساڵی پێشوو تری خوێندن بێت؛ بۆ بەرچاوڕونی، لە پۆلی دووەمدا، مامۆستا دەبێت ئەوەی لەبەرچاو بێت، کە سیستەمی پەڕینەوە لە پۆلی یەکەم بۆ دووەم کراوەیە و دەشێت لە هەر پۆلێکی دووەمدا چەند قوتابی – پەڕیوە –ی تیادا بێت، لێرەدا ئەرکی سەرشانی مامۆستایانی پۆلی دووەمە، کە بە چاوی منداڵێکی تەواو ئامادەکراو سەیری قوتابییانی پۆلی دووەم نەکەن؛ ئەمەش لە مامۆستا دەخوازێت کە پێداچوونەوەیەکی تێر و تەسەل؛ نەك سەرپێیانە! بۆ ئەوەی لە پۆلی یەکەمدا خوێنراوە بکات – بەتایبەتی – لە خوێندنی زمانی کوردی–دا کە مەرج نییە هەموو قوتابییەك بە تەواوی و ڕەهایی پیتەکان بناسنەوە، کارامە بن لە خوێندنەوە و نوسیندا؛ کە لەڕووی پەروەردەیشەوە هەر وایە. ئیدی ئەو پێداچوونەوەیە – ئەگەر درێژەشی پێبدرێت – ئاسانکاری بۆ مامۆستا و قوتابی فەراهەم دەکات و باری سەرشانی خۆی و قوتابیش سوکتر دەکات؛ کەواتە یەکسەر دەستکردن بە کتێبی پۆلی دووەم، سزایەکە بۆ ئەو منداڵانەی توانایان لە ناوەند و ژێر ناوەندەوە. ئەوەندە هەیە کە نابێت مامۆستا بە کتێبی پۆلی یەکەم دستپێبکات؛ بەڵکو ئەو بەرنامەی بۆ پێداچوونەوەی لەم کتێبەدا دانراوە پەیڕەودەکات!! بە دڵنیاییەوە ڕێگایەکە بۆ سەرخستنی کەسێتی هەموو قوتابییەکان و ئاسانکاریشە بۆ مامۆستا؛ تەواوکردنی بەرنامە ئەرکە، بەڵام فێرکردن و فێربوون ئامانجن و لەپێشترن و پێویستیان بە پێداگیری هەیە. ئاشکرایە قوتابی کە لەم پۆلەدا (دووەم) کەوتە سەر ڕاستە ڕێ، ئیدی کەسێتیەکی بەهێزی بڕوا بەخۆ بووی بۆ دروست دەبێت و تووشی شکست و کەوتن نابێت.

مامۆستای ئازیز! هیواداریین ئەم پەیامەی لیژنەی دانان و ئامادەکردنی کتێبەکە ناردوویەتی بە دروستی و ئاسانی بە ئەنجام بگەیەندرێت و قوتابییان سودی تەواوی لێوەربگرن. خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە جێگەی خۆیەتی باسبکرێت، ئەویش خوێندنەوە و پابەندبوونە بەم ڕابەرەی بەردەستتان، تکایە بە چاوی دڵسۆزی و ڕەخنەی بنیاتنانەوە بخوێنرێتەوە و تێبینییەکان بنێردرێن، بۆ لەبەرچاوگرتن و جێبەجێکردنیان لە چاپی داهاتوودا.

ڕێبەرەکەمان لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەم چۆنییەتی گوتنەوەی بابەتەکان خراوەتە ڕوو، لە بەشی دووەمیشدا هەندێ زانیاری پێویست بۆ مامۆستایان ڕونکراوەتەوە.

## دەستپێک

زمان سود و بایەخێکی ئیجگار زۆری کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی هەیە، لە هەمان کاتدا هۆکارێکە بۆ یارمەتیدانی گەشەی کۆزانیاری (مەعریفە) و گرنکترین هۆکاری فێربوون و فێرکردنە.
بێگومان فێربوونی زمانی ئاخافتن جیاوازە لەگەڵ فێربوونی زمانی خوێندن و نوسین، دووەمیان پێویستی بە کاری ورد و دروست و سیستەمی داڕێژراو هەیە، کە لە خزمەت هێنانە دی ئامانجەکان بێت، بۆیە دەبێت ڕێگە هاوچەرخەکانی فێربوونی زمان پەیڕەوبکرێت، کە لەم کتێبەی پۆلی دووەم هاوشێوەی کتێبی پۆلی یەکەم کاری بۆ کراوە.

## چەند توخمێکی زمان:

**چەمک** : چەند وێنەی هزری لەیەك نزیك بە وشە دەردەبڕێت.

**چەمکی زمان**: زمان کۆمەڵە دەنگ و بێژە و پێکهاتەیەکە، کە مرۆڤ مەبەستی خۆی پێدەربڕێت، وەکو ئامرازێك بۆ لەیەك گەیشتن و تێگەیاندن بەکاردێت، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری، زمان وەسیلەی پێکەوە بەستن و پەیوەندی کۆمەڵایەتییە، کە دەبێت هەبێت و بۆ تاك و کۆمەڵ بە کەڵکە.

**زاراوە**: ئەم وشەیە لە ئەنجامی ڕێکەوتن بەکاردەهێنرێت.

**مەعریفە**: ئەم زانیارییەن کە قوتابی وەریدەگرێت.

**کارامەیی**: ئەم کردە هزری و زانستییانەن کە قوتابی فێری دەبێت.

**بەها**: بەهەموو ئەو شتانە دەگوترێت، کە شایانی بایەخدانن و گرنگن لەڕووی ماددی و مەعنەوی یان کۆمەڵایەتی یان ئاینی و جوانییەوە، ئەم چەمکانە دەگرێتەوە، کە کاریگەریان لەسەر ڕەفتاری خەڵکی بەجێدەهێلن و ڕاست و پەسند دیاردەکەن.
بە مەبەستی چاندنی بەهای بەرز و شیاو لە ناخی قوتابی لە کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی دووەمی بنەڕەتی ئەم بەهایانە بایەخیان پێدراوە:
(خۆشەویستی زمان، خۆشەویستی مرۆڤ، خۆشەویستی خێزان، خۆشەویستی نیشتمان، خۆشەویستی و بەزەیی بە ئاژەڵان، دڵسۆزی، بەرپرسییەتی، ڕاستگۆیی، گوێڕایەڵی، هەرەوەزی، پەیڕەوکردنی یاسا و تەندروستی)

# بەشی یەکەم

## وەرزی یەکەم:

* گوتنەوەی دەقی شیعر
* گوتنەوەی دەقی پەخشان
* ساڵی نوێمان پیرۆز بێ
* گەڕانەوە بۆ قوتابخانە
* قوتابخانە (شیعر)
* پۆلەکەمان پاکوخاوێنە
* سیناریۆی لەنێوان پشووی وانەکاندا
* مرۆڤی بەسود
* واڕێ مە (شیعر)
* ڕەفتاری هاتوچۆ
* ددانەکانمان
* سوڕی ئاو (شیعر)
* سیناریۆی بەیتاڵ
* کۆمپیوتەر
* کوردستان
* ئاڵامان (شیعر)
* گەشتی شانەدەر

## وەرزی دووەم:

* ڕونکردنەوەی هەندێ چالاکی

# بەشی یەکەم

## گوتنەوەی دەقی شیعر

### ئامانجی گشتی

– قوتابی لە دەقی شیعریدا فێرکردن و فێربوونی خوێندنەوە و شێوەی نوسینی (وشەکە) تەنها بەدیتن وەردەگرێت، بۆئەوەی قوتابییان بە زمانێکی پاراوی کوردی گۆشبکرێن.
– تێگەیشتن و دەربڕینی دروست و ئەزبەرکردنی شیعر بە کۆرس و بە سەلیقە.

### ئامانجی تایبەتی

– خوێندنەوەی شیعر بە ئاواز.
– دەوڵەمەندکردنی سامانی وشەی قوتابی.
– ڕاقەکردنی واتای وشەکان.
– ئاشنابوون بە بیرۆکە و بەهاکانی شیعر.
– چێژوەرگرتن لە شیعر.
– ئەزبەرکردنی شیعر بە گروپ و تاك.
– ڕەچاوکردنی فێربوونی کارامەییەکانی سرود و شیعر گوتن.
– گوتنەوەی شیعر بە کۆرس (کۆمەڵ).
– بەکارهێنانی زمانی جەستە لە گوتنەوە و خوێندنەوەی شیعر.
– ئاشنابوون بە ڕەوانبێژی و شێوازی دەربڕین لە شیعردا.

### هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە

پاش پرسیار و وەڵام و گفتوگۆکردن لەسەر وێنەی بابەت،
– مامۆستا شیعرەکە بە زمانێکی ڕەوان دەخوێنێتەوە.
– مامۆستا پۆستەری بابەتەکە هەڵدەواسێت و شیعرەکە دەخوێنێتەوە و قوتابییان بە کۆرس لەدوای دەڵێنەوە.
– قوتابییان شیعرەکە بە بێدەنگ دەخوێننەوە، لەهەمان کاتدا هێلێکی کاڵ بە ژێر ئەو وشانە دەهێنن، کە لەلایان قورس و گرانن.
– قوتابییان بە هاوکاری مامۆستا شیعرەکە ڕاقەدەکەن و وشە گرانەکان لێکدەدەنەوە بە گەڕانەوە بۆ هاوواتاکان.
– مامۆستا شیعرەکە بە ئاواز دەخوێنێتەوە و قوتابییان بە دوایدا دەیڵێنەوە.

– شیعرەکە لەسەر تەختە دەنوسرێتەوە، چەند جارێك دەخوێنرێتەوە دواتر دێری یەکەم دەسڕیتەوە و قوتابییان لەبەر دەیڵێنەوە بەم شێوەیە تا کۆتایی شیعرەکە.
– قوتابییان دابەش دەکرێنە سەر سێ گروپ، گروپی یەکەم نیوە دێرێك دەخوێننەوە، گروپی دووەم نیوە دێرەکە تەواودەکات، ئینجا گروپی سێیەم هەموو دێرەکە دەخوێننەوە و لەبەر دەیڵێنەوە، بەم شێوەیە تا کۆتایی شیعرەکە.
– شیعرەکە وەك ئەرکیماڵەوە بە قوتابی نادرێت، بەڵکو بۆ ئەزبەرکردن لە پۆلدا مەشقی لەسەر دەکرێت.
– مامۆستا لە کەشوهەوایەکی پڕ لە حەز و خۆشی و خۆشەویستی لە ئەزبەرکردنی شیعرەکەدا بە (ڕیتم، دەنگ، چەپڵە، ئاواز و مەشقکردن) هاوکاری قوتابییان دەکات.
– شیعرەکە ناوبەناو دەگوترێتەوە تاوەرگرتنی شیعری نوێ، وەك چێژ بەخشین پێش دەستپێکردنی وانەکە بە کۆرس لە پۆلدا دووبارە دەکرێتەوە، هەروەها پێویستە لە بۆنەکاندا ئەم شیعرە بە ئارامی و دوور لە هاوار و قیژاندن بگوترێنەوە.
– بەهیچ شێوەیەك پێویست ناکات شیعر لە دەفتەر بنوسرێتەوە یان ڕێنوسی بۆ بکرێت.
- پێویست ناکات شیعر وەك ئەرك بە قوتابییان لەبەربکرێت بەڵکو مامۆستا ڕاڤەیدەکات و هەوڵدەدات لە ناخیان هەستی خۆشەویستی بۆ شیعر بڕوێنێت.

تێبینی: هەندێ وشە لە ژێر ناونیشانی ( چەمك، زاراوە، دەستەواژە و وشە) هەڵبژێردراون،ئەمانە کلیلە وشەن، پێویستە مامۆستا ڕوونکردنەوەی زیاتریان بۆ بکات، وەك بەکارهێنانیان لە ڕستەدا و نوسینەوەیان لەسەر کارتۆن، یان بە گفتوگۆ و پرسیار و وەڵام بایەخی زیاتریان پێبدات.

## گوتنەوەی دەقی پەخشان

### ئامانجی گشتی

– فێرکردنی خوێندنەوە و نوسین بە زمانێکی کوردی پاراو.
– پەرەدان بە کارامەیی ئاخافتن و تێگەیشتن.

### ئامانجی تایبەتی

– فێربوونی خوێندنەوە ی ڕەوان و دروست.
– دەربڕینی زارەکی و بوێری لە گفتوگۆکردندا.

- سەرنج ڕاکێشانی قوتابییان بۆ بابەتەکە.
- خوێندنەوەی دەقەکە بە ڕەوانی و دەنگێکی شیاو.
- فێرکردن و پەرەپێدانی خوێندنەوەی بەدەنگ و بێدەنگ.
- فێرکردنی نوسین و ڕێنوس.
- پرۆڤە لەسەر فێرکردنی دانانی چەند هێمایەکی خاڵبەندی لە شوێنی گونجاو و دیارکراوی خۆیدا.
- ڕاهێنان لەسەر خۆشنوسی.
- دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی قوتابی بە وشەی نوێی ناو دەقەکە و هاوواتاکان و ڕاڤەکردنیان و بەکارهێنانیان لە ڕستەدا.

## هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە

* مامۆستا لە ڕێگەی وێنەی بابەتەکەوە بە چەند پرسیارێك بیر و هۆشی قوتابییان دەوروژێنێت و سەرنجیان ڕادەکێشێت.
* قوتابییان سەیری وێنەی بابەتەکە دەکەن، با هەریەکەیان باسبکات لە وێنەکە چی دەبینێت.
* مامۆستا ئەو وشانەی کە نوێ و گرانن لەسەر کارت یان تەختە بە ڕەنگی جۆراوجۆر بیاننوسێتەوە و بیانخوێنێتەوە.
* مامۆستا بابەتەکە بۆ قوتابییان دەخوێنێتەوە، بە ڕەچاوکردنی خاڵبەندی، بایەخدان بەوەی، کە دەبێت لە کوێ و کەی دەنگ لە خوێندنەوە بەرز و نزم بکاتەوە، بۆ نمونە کۆتایی ڕستە کە خاڵە دەوەستێت، کە سەرسوڕمانە دەبێت مامۆستا سەرسوڕمان بنوێنێت و ئاماژە بەوە بکات، کە لەبەر نیشانەی سەرسورمان (!) ڕستەکە بە شێوەی سەرسورمان دەخوێنرێتەوە بە هەمان شێوە بۆ هێماکانی (،) و (؟). مامۆستا لە کاتی خوێندنەوەدا نابێت لێکدانەوە بۆ واتا و ڕاڤەی وشەکان بکات، بەڵکو دەبێت ئەم هەنگاوە دواتر ئەنجامبدرێت.
* جاری دووەم مامۆستا بابەتەکە دەخوێنێتەوە، قوتابییان بەدەنگەوە بە دوایدا دەیڵێنەوە، لەکاتی خوێندنەوەکەدا قوتابییان دەبێت بە پەنجەکانیان ئاماژە بۆ وشەکان بکەن.
* مامۆستا داوا لە قوتابییان دەکات بابەتەکە بەبێدەنگی بخوێننەوە، ئاموژگاریان دەکات کە تەنها بە چاو بەبێ جوڵەی لێوەکانیان بیخوێننەوە، لەهەمان کاتدا هێڵێکی کاڵ بە ژێر ئەو وشانەدا بهێنن، کە لایان قورس و گرانن.
* لەم هەنگاوەدا بایەخ بە ڕونکردنەوەی وشە و زاراوە نوێیەکان دەدرێت، بە پرسیار و وەڵام لەگەڵ قوتابییان وشەکان ڕوندەکرێنەوە.
* چەند قوتابییەك بابەتەکە دەخوێننەوە، هەر پارچەیەك کە قوتابی دەیخوێنێتەوە، مامۆستا لێیدەپرسێت (لەوەی خوێندتەوە چی تێگەیشتیت؟). باشتر وایە شێوەی خوێندنەوەکە بەرپز نەبێت، بەڵکو ئارەزوومەندانە بێت، هەروەها ڕاستکردنەوەی هەڵەی قوتابی لە کاتی خوێندنەوەدا نەبێت، بەڵکو کە خوێندنەوەکەی تەواو دەکات.
* وا باشترە چەند قوتابییەك بەشداری لە خوێندنەوەی دەقەکە بکەن، نەك یەك قوتابی.
* پێویستە مامۆستا دەربارەی بابەتەکە زانیاری زیاتر بە قوتابییان بدات.

# وەرزی یەکەم:

## (ساڵی نوێمان پیرۆزبێ)




**بابەتی یەکەم: لاپەڕە (٧)**

**کاتی تەرخانکراو: (٤) بەشە وانە**

### ئامانجی تایبەتی

– خۆشەویستکردنی قوتابخانە.
– ئاشنابوون بە واتای دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن.
– خۆشەویستکردنی مامۆستا لای قوتابی.
– قوتابی هاوڕێکانی خۆشبووێت.
– دروستکردنی هەستی بەرپرسیاریەتی لە پاراستنی کەلوپەلی قوتابخانە.
– خۆشەویستکردنی دەقی بەشیعر نوسراو.

### چەمک، زاراوە، دەستەواژە و وشە

(شیعر، مامۆستا، هاوڕێ، پۆلی دووەم، مەڵبەندی ژیان)

### هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە

* سەرەتا مامۆستا بۆ بابەتەکە بە چەند پرسیارێك بیر و هۆشی قوتابییان دەوروژێنێت و سەرنجیان بۆ بابەتەکە ڕادەکێشێت، وەك:

_ ساڵی نوێی خوێندنمان پیرۆزبێ.
– ئێوە پار پۆلی چەندەمن بوون؟
– ئەمساڵ پۆلی چەندەمن؟
– ساڵێکی تر دەبن بە پۆلی چەند؟
– چیتان کریوە بۆ ساڵی نوێ؟

* هۆیەکانی فێرکردن:(داری ئاماژە وەك: دەفتەر – ڕاستە – قەڵەمتاش – پاککەرەوە...)
مامۆستا دەتوانێت بە بۆنەی ساڵی نوێ هەندێ گوڵی ڕەنگاوڕەنگ بنات بۆ پۆلەکەی، هەندێ کەلوپەلی پێویستی قوتابی

* هەمان هەنگاوەکانی گوتنەوەی هۆنراوە لاپەڕە (٧ – ٨) جێبەجێدەکرێت.

* بەمەبەستی چێژبەخشین لە ماوەی پێداچوونەوەی هەندێ چالاکی پۆلی یەکەمدا، با قوتابییان بە کۆمەڵ و بە چەپلە لێدان ناوبەناو ئەم شیعرە بیلێنەوە.

## پێداچوونەوەی هەندێ چالاکییەکانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی:

**لاپەڕە** (٨ - ٢٨)

**کاتی تەرخانکراو:** (٣٥) **بەشەوانە**

مامۆستای هێژا، ئەم چەند چالاکییەی کتێبی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی ، بۆ پێداچوونەوە و بیرخستنەوە دانراون، سەرەتایەکن بۆ دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن، تکایە بۆ سوودوەرگرتن چاوێك بە ڕێبەری (خوێندنی کوردی – پۆلی یەکەمی بنەڕەتی) بخشێنە، چونکە بایەخدان بەم پێداچوونەوەیە ئەرکی سەرشانی مامۆستا سوکتر دەکات، بەوەی کە قوتابی (کەمپێ و ئاست ناوەندەکان) ببزوێنرێن و بخرێنە سەر ڕاستە ڕێی ناسینەوەی پیتەکان، لێکدان و خوێندنەوەیان. ئەمەش چەند نمونەیەکن لە چالاکییەکان:

**چالاکی** (١) **دەنگی ئەم پیتانە گۆبکە:** دەنگی پیتەکان یەکە یەکە گۆدەکرێن (تەلەفوز)، مامۆستا نابێت ناوی پیت و دەنگەکەی تێکەڵاو بکات، لەم قۆناغەدا تەنها دەنگەکە فێردەکرێت، بەهیچ شێوەیەك ناوی پیتەکان ناگوترێن، مەبەست لە نوسینی ناوی پیتەکان لە ڕێبەری پۆلی یەکەمدا، بۆ ئەوەیە مامۆستا لەگەڵ دەنگی پیتەکان تێکەڵاویان نەکات.

**چالاکی** ( ١١ ) **تەواوکردنی وشەکان:** (ئاگر، تەختە، پەرژین، پاپۆڕ، شاهێن، حەسیر)

**چالاکی** (١٤) **تەواوکردنی وشەکان:** (فانۆس، پیاڵە، گەلاوێژ، باعەدرێ، پەپولە، گەڵا)

**چالاکی** (١٥) **ناوی وێنەکان:** (کەو، هەڵۆ، ورچ)

**چالاکی** (١٦) **تەواوکردنی وشەکان:** (خانوو، جوجەڵە، لاقە، قانع، هەتاف، غارغارێن، خانەقین)

**چالاکی** (٢٨) **ڕێکخستنی وشەکان و دروستکردنی ڕستە:**

– سوارەکان غارغارێن دەکەن.
– دارستان درەختی زۆرە.
– کۆمپیوتەر ئامێرێکی بەسودە.

**چالاکی** (٢٩) **ناوی وەرز و مانگەکانی ساڵی کوردی:** بەهار (نەورۆز، گوڵان، جۆزەردان)
هاوین (پوشپەڕ، خەرمانان، گەلاوێژ)
پایز (ڕەزبەر، گەڵاڕێزان، سەرماوەز)
زستان (بەفرانبار، ڕێبەندان، ڕەشەمە)

**تێبینی:** بەپێی کاتی تەرخانکراو مامۆستا دەتوانێت هەندێ پۆستەری (دەقەکانی شیعر و پەخشانی – پۆلی یەکەمی بنەڕەتی) لەسەر تەختە هەڵبواسێت، بە بەکارهێنانی داری ئاماژە با قوتابییان یەکە یەکە بخوێننەوە.

# یەکەی یەکەم (قوتابخانە)

## (گەڕانەوە بۆ قوتابخانە)

* **بابەتی یەکەم:** **لاپەڕە** (٣٠)
* **ژمارەی چالاکییەکان:** (٩)
* **کاتی تەرخانکراو:** (١٠) **بەشە وانە**




### ئامانجی تایبەتی

– پێشوازیکردنی ساڵی نوێ بەخۆشییەوە.
– ئاشناکردنی قوتابی بە سودەکانی خوێندن.
– ڕاهێنانی بە ڕەفتاری ڕاست و دروست.
–دروستکردنی هەستی بەرپرسیاریەتی لای قوتابی، بەرامبەر بە قوتابخانە.

### چەمک، زاراوە، دەستەواژە و وشە

(ساڵی نوێ، پێشوازی، پەروەردە و فێرکردن)

### هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە

**وانەوتنەوەی ڕاستەوخۆ:**

* مامۆستا  بە چەند پرسیارێك بیر و هۆشی قوتابییان دەوروژێنێت و سەرنجیان بۆ بابەتەکە ڕادەکێشێت، وەك:
– لە پشووی هاویندا چیتان کرد؟
– ئایا بیری قوتابخانەتان دەکرد؟
– بۆچی قوتابخانەتان خۆشدەوێت؟
– دەبێت پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا چۆن بێت؟
* هۆیەکانی فێرکردن (داری ئامآژە، وێنەی قوتابییان دەچنە قوتابخانە، وێنەی قوتابییان پێشوازی دەکرێن، وێنەی قوتابییان لە گۆڕەپانی قوتابخانە یاریدەکەن، بەپێی توانا مامۆستا وێنەی پەیوەندیدار بە بابەت ئامادەدەکات...) بۆ ڕازاندنەوەی پۆلەکە  بەکاردەهێنرێت.
* هەمان هەنگاوەکانی  گوتنەوەی دەق لاپەڕە ( ٩) پەیڕەودەکرێت.

**فێربوون بە چالاکی**

* **هاوواتاکان:** مەبەست لەم چالاکییە ڕاهێنان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشە و زاراوەیە، بۆ ئەوەی بزانێت، کە دەکرێت وشە چەند واتایەکی هەبێت و هەر کامەیان لە شوێنی خۆیدا  بەکاربهێنرێت ڕاستە:

## هاوواتاكان لە شوێنی گونجاو دەنوسم.

(پیل، شەیدا، بەپیرەوەچوون، بەرچایی، جانتا)

نانی بەیانی ........ بەرچایی

شان ........ پیل

پەرۆش ........ شەیدا

پێشوازی كردن ........ بەپیرەوەچوون

هەگبە ........ جانتا

* **گفتوگۆكردن:** لە یەك كاتدا هەردوو كارامەیی (تێگەیشتن و ئاخافتن) جێبەجێ دەبێت،پێویستە بایەخ بە گشت قوتابییانی پۆلەكە بدرێت و بەشداریان پێبكرێت، مامۆستا دەتوانێت جگە لەم پرسیارانە، بە پێی ئاستی قوتابی و ئەو كاتەی هەیەتی پرسیاری تر ئاراستەی قوتابییان بكات، ئەم چالاكییە تەنها بۆ گفتوگۆكردنە، واتە بە هیچ شێوەیەك قوتابی ناینوسێتەوە:

### گفتوگۆدەكەین.



* سەفین كە لە خەو هەڵستا بەیانی باشی لە كێ كرد؟
* ئایا سەفین نانی بەیانی خوارد؟
* بایەخی خواردنی نانی بەیانی چییە؟
* سەفین و هاوڕێكانی لە ڕێگادا باسی چییان كرد؟
* تۆ چۆن پشووی هاوینت بەسەربرد؟
* لە قوتابخانە كێ پێشوازی لە قوتابییان كرد؟

* **دۆزینەوەی وشە لە ڕێگای پیت:** ئامانج لەم چالاكییە، سەرنجدانی وردی قوتابییانە، هەروەها بیرخستنەوەی شێوەی هەر سێ پیتی(خ خـ، ش شـ، ج جـ) كە لە هەندێ وشەی ناو دەقەكەدا هەن و نوسینەوەیان، ئەگەر پێویستی كرد مامۆستا دەتوانێت، داوای وشەی زیاتر لە قوتابییان بكات:

### لە دەقەكەدا وشە دەدۆزمەوە.

* سێ وشە پیتی (خـ خ )یان تێدا بێت.

خوێندن ........ خێزان ........ قوتابخانە ........

* سێ وشە پیتی (شـ ش)یان تێدابێت.

شوشت ........ پشوو ........ پێشوازی ........

* سێ وشە پیتی (جـ ج)یان تێدابێت.

ئینجا ........ جلەكان ........ جانتا ........

* **بڕگەکردنی وشەکان:** ئەم چالاکییە، کە لە پۆلی یەکەمەوە قوتابی پێی ئاشناکراوە و لەگەڵی بەردەوام بووە، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابی بەردەوامی پێدەدرێت، چونکە بۆ ناسینەوەی شێوە و دەنگی پیتەکان (ئاستی دەنگسازی) سودبەخشە، هەروەها هاوکارە لەوەی وشە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست دەرببڕدرێت، کە لەم تەمەنەی منداڵ زۆر پێویستە:

**وشەکان بڕگەدەکەم، ژمارەی بڕگەکان دەنوسم.**

| | | |
|---|---|---|
| خێزان: | خێـ / زان | ٢ |
| بەڕێوەبەر: | بە/ڕێـ/وە/بەر | ٤ |
| پۆل: | پۆل | ١ |
| پەروەردە: | پەر/وەر/دە | ٣ |

* **ببینە و بلێ، دوو ڕستە دروستدەکەم:** مامۆستا لەگەڵ قوتابییان لەبارەی وێنەکە گفتوگۆ دەکات، لەپاشان لەبارەی وێنەکەوە داوای ڕستەیەکیان لێدەکات، لێرەدا قوتابییان ئارەزوومەندانە ڕستە بۆ وێنەکە لە شوێنی دیاریکراو دەنوسن، مامۆستا یەکە یەکە سەیری ڕستەکان دەکات و هەڵەکانیان بۆ ڕاست دەکاتەوە، دەتوانێت داوا لە چەند قوتابییەکیش بکات ڕستەکانییان لەسەر تەختە بنوسن، مەرج نییە هەموویان بە هەمان ڕستە بنوسن. ئیدی بە هەمان شێوە ڕستەی دووەم جێبەجێ دەکرێت:

**گفتوگۆدەکەین، دوو ڕستە بۆ ئەم وێنەیە دەنوسم.**



- کچەکە کتێب دەخوێنێتەوە. ..........
- سەگەکە خەوتووە. ..........

* **(من) بۆ خۆم دەڵێم:** ئەم چالاکییە بۆ ناساندنی جێناوی سەربەخۆی (من) و جێناوە لکاوەکانی (کەسی یەکەم، دووەم، سێیەمی تاك و کۆ)یە، لەبەر ئەوەی زمانی خوێندن زمانی دایکە، قوتابی بە سەلیقە وەڵامەکان دەزانێت. خوێندنی ئەم جێناوانە تەنها بۆ ناساندنە، بۆیە پێویست ناکات مامۆستا زاراوەی (جێناو) بەکاربهێنێت. قوتابی لە بازنەیەکی دواتردا ڕێزمانی ئاشکرا دەخوێنێت:

**(من) بۆخۆم بەکاردەهێنم.**

من خوێندم.

من ناشتم

من گوتم

من هێنام

من خواردم



* **خۆشنوسی**: ئەم چالاکییە بۆ دروست نوسییە، بە دوو هەنگاو ئەنجامدەدرێت، لە یەکەمیان قوتابی بەسەر هێلە پچڕپچڕەکان دەچێتەوە، دواتر لەسەر دوو هێلەکەی تر ڕستەکان بە ڕێکوپێکی دەنوسێتەوە. دەبێت مامۆستا لەگەڵ ڕێنمایکردنی پێویست پێداچوونەوە بە نوسینەکانیان بکات:

**خۆشنوسی**

**چەند خۆشە گەڕانەوە بۆ قوتابخانە!**

چەند خۆشە گەڕانەوە بۆ قوتابخانە!

چەند خۆشە گەڕانەوە بۆ قوتابخانە!

**چەند خۆشە گەڕانەوە بۆ قوتابخانە!**

**چەند خۆشە گەڕانەوە بۆ قوتابخانە!**

* **ڕێنوس**: ئەم چالاکییە بە دوو شێوە جێبەجێدەکرێت، لە سەرەتای ساڵ قوتابییان لەسەر تەختە ڕێنوسی(گواستراو) و (بینراو) لە وشە و دەستەواژە و ڕستە دەستنیشانکراوەکان ئەنجامدەدەن، تا کۆتایی وەرزی یەکەم ڕێنوسەکەی بەم شێوەیە دەبێت، لە وەرزی دووەم مامۆستا دەتوانێت لە تەک ڕێنوسی بینراو ڕێنوسی (بیستراو بە گوێگرتن) لە دەفتەر بە قوتابییان ئەنجامبدەدات:

**ڕێنوس**

| | | |
|---|---|---|
| **هاوین** | **بەیانی** | **خێزان** |
| **پشووی هاوین** | **نانی بەیانی** | **ئەندامی خێزان** |

**قوتابخانە شوێنی پەروەردە کردن و فێربوون و یاریکردنە.**

* **ئامۆژگاری:** مامۆستا ئامۆژگارییەکە لەسەر تەختە دەنوسێت و وشەگرانەکان لێکدەداتەوە و ئامۆژگارییان دەکات؛ کە گرنگی بە خوێندن و فێربوون بدەن، بە بەشداربوونی قوتابییان ڕۆڵی خویندن لە خۆشگوزەرانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵدا، زیان و ئەنجامی پشتگوێ خستنی خوێندن یان وازهێنان لە قوتابخانە ڕوندەکاتەوە، بەهای ئامۆژگاریش لە جێبەجێکردنی بەرجەستەدا دەبێت:

**ئامۆژگاری**

**بۆئەوەی بە ئاواتەکانمان بگەین، پێویستە بخوێنێن و فێربین.**

* **ئەرکی ماڵەوە:** مامۆستا چەند دێریك لە دەقەکە دیاردەکات، وەك ئەرکی ماڵەوە و داوا لە قوتابییان دەکات، لە دەفتەرەکانیاندا بنوسنەوە، ڕۆژی دواتر سەیریان دەکات و هەڵەکانیان بۆ ڕاست دەکاتەوە و دواتر چەند وشە و ڕستەیەکی دەستنوسی خۆی پێدەخوێنێتەوە.

## (قوتابخانە)




* **بابەتی دووەم: لاپەڕە** (٣٥)
* **ژمارەی چالاکییەکان:** (٣)
* **کاتی تەرخانکراو :** (٤) **بەشە وانە**

**ئامانجی تایبەتی**

– قوتابی قوتابخانەی خۆشبووێت.
– گرنگی قوتابخانە بزانێت.
– هەستکردن بە بەرپرسیارێتی.

**چەمک، زاراوە، دەستەواژە و وشە**

(قوتابخانە، بیر و هۆش، وریابوون)

**هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە**

**وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ:**

* مامۆستا بە چەند پرسیارێك بیر و هۆشی قوتابییان دەوروژێنێت و سەرنجیان بۆ بابەتەکە ڕادەکێشێت، وەك:

– بۆچی قوتابخانەمان خۆشدەوێت؟

– لە قوتابخانە فێری چی دەبین؟
– بۆچی خوێندەواری بۆ مرۆڤ بەسودە؟
– لەگەڵ هاوڕێکانتان لە قوتابخانە چ یارییەك دەکەن؟
– هۆیەکانی فێرکردن: (داری ئاماژە، هەندێ وێنەی سەرنج ڕاکێشەری قوتابخانە و قوتابییان....)
* هەمان هەنگاوەکانی گوتنەوەی هۆنراوە لاپەڕە (٧ – ٨) پەیڕەودەکرێت.
* ئەم شیعرە ناوبەناو پێش دەستپێکردنی بابەتی نوێ تا وەرگرتنی هۆنراوەیەکی تر، با قوتابییان ڕۆژانە بیڵێنەوە.

## فێربوون بە چالاکی:

* **هاوواتاکان**: بۆ دەوڵەمەندکردنی گەنجی وشە لای قوتابی و تێگەیشتنی پتری هۆنراوەکەیە، مامۆستا چەند جارێك واتای هەر وشەیەك دەپرسێت، بە چەند جار دووبارەکردنەوەی هاوواتاکان، قوتابییان واتای وشەکان فێردەبن:



**هاوواتاکان**

قوتابخانە: خوێندنگەهـ، مەکتەب

مەڵبەند: شوێن، ناوەند، بنکە

وریا: هۆشیار، زرنگ، بەئاگا

ڕاڤەیانبکە: ڕوونیانبکەوە، لێکیانبدەوە

* **گفتوگۆکردن**: هەردوو کارامەیی (تێگەیشتن و ئاخافتن) جێبەجێدەبێت، بایەخ بە بەشداریکردنی گشت قوتابییانی پۆلەکە بدرێت، دەتوانێت مامۆستا زیاتر لەم پرسیارانەش بپرسیت:

**گفتوگۆدەکەین**

* ساڵانە لە چ مانگێکدا دەرگای قوتابخانەکان دەکرێنەوە .
* قوتابخانە مەڵبەندی چییە؟
* چۆن قوتابخانەی خۆمان دەپارێزین؟
* ناوی قوتابخانەکەتان چییە؟ ناوی قوتابخانەی تر دەزانیت؟

* **تەواوکردنی دێری شیعر**: بیرخستنەوە و نوسینی دێری شیعر، ئامادەکارییە بۆ قۆناغەکانی تری خوێندن، کە پێویستی بە شیعر نوسین دەبێت:

**نیو دێرەکەی تر دەنوسم، ڕاڤەیاندەکەم.**



قوتابـخانـە گشت کـاتـێ ..............................

.............................. بـۆ تـەنـگانە ئازابـین

# (پۆلەکەمان پاکوخاوێنە)




* **بابەتی سێیەم: لاپەڕە (٣٧)**
* **ژمارەی چالاکییەکان: (٩)**
* **کاتی تەرخانکراو: (١٠) بەشە وانە**

## ئامانجی تایبەتی

– خۆشەویستکردنی پۆل لای قوتابی.
– بایەخدان بە پاکوخاوێنی پۆل و قوتابخانە.
– هاندانی قوتابی بۆ کاری هەرەوەزی.
– ڕواندنی هەستی (قوتابخانە ماڵی دووەمی قوتابییە).

## چەمک، زاراوە، دەستەواژە و وشە

(مامۆستای بەڕێز، پاکوخاوێنی، ڕازاندنەوە)

## هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە

**وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ:**

* سەرەتا مامۆستا بە چەند پرسیارێك بیر و هۆشی قوتابییان دەوروژێنێت و سەرنجیان بۆ بابەتەکە ڕادەکێشێت، وەك:
– با سەیربکەین، بزانین پۆلەکەمان پاکوخاوێنە؟
– کێ بۆردی (تەختە)ی نوسینی سڕیوەتەوە؟
– سەیربکەین، ببینین سەبەتەی زبڵ بەتاڵکراوە؟
– سودی دانانی سەبەتەی زبڵ لە پۆلدا چییە؟
– سەیری ناو مێزەکانتان بکەن، بزانن پاکوخاوێنن؟
* هۆیەکانی فێرکردن:( داری ئامازە، وێنەی قوتابییان پۆل خاوێن دەکەنەوە، وێنەی قوتابییان بە کاری هەرەوەزی قوتابخانە خاوێن دەکەنەوە، وێنەی قوتابخانە پۆلەکەی ڕازاوە بێت، وێنەی قوتابخانە باخچەی هەبێت...)
* هەمان هەنگاوەکانی گوتنەوەی دەق لاپەڕە (٩) پەیڕەودەکرێت.
* ئەگەر بکرێت مامۆستا و قوتابییان بەیەکەوە سەردانی قوتابخانەیەکی ڕێکوپێك بکەن.

## فێربوون بە چالاکی:

مامۆستا و قوتابییان زەمینەی پۆلەکەیان بە تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ، کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەبێت، دەڕازێننەوە.

* لەم بابەتەدا چالاکی (هاوواتاکان) دانەنراوە، بۆیە پێویستە مامۆستا واتای هەندێ وشەی وەك: (دەستی بەرزکردەوە دەستی هەڵگرت، ڕازاندنەوە: جوانکاری، یەك دەنگ: بەیەکەوە...) لە قوتابییان بپرسێت، باشترە وشە و واتاکانیان لەسەر تەختە بنوسرێن و بخوێندرێنەوە.

* **گفتوگۆکردن:** لەم چالاکییەدا، کە بۆ پەرەدان بە کارامەیی ئاخافتن گرنگە، پێویستە مامۆستا بایەخ بە وەڵامی قوتابییان بدات، هەوڵبدات بەشداری بە هەموو قوتابییان بکات، مامۆستا دەتوانێت جگە لە پرسیارەکانی ناو کتێبەکە پرسیاری تریشیان ئاراستە بکات:

### گفتوگۆدەکەین.

* شەهێن لە پۆلدا، پێش ئاخافتن چی کرد؟
* شەهێن بۆ جوانکردنی پۆلەکەی چی هێنابوو؟
* مامۆستا و شەهێن و هاوڕێکانی چییان لە پۆلەکە کرد؟
* ئێوە پۆلەکەی خۆتان ڕازاندۆتەوە ؟
* ئێوە بە هەرەوەزی پۆلی خۆتان خاوێندەکەنەوە؟

* **یاساکانی ناو پۆل:** مامۆستا جارێك بابەتەکە بۆ قوتابییان دەخوێنێتەوە، پاشان ئارەزوومەندانە داوا لە چەند قوتابییەك دەکات، هەر یەکەیان یاسایەك لە یاساکانی ناو پۆل بخوێنێتەوە و لەبەر کتێبەکە لە سەر تەختەکە بینوسێت و بیخوێنێتەوە، دواتر با قوتابییەکی تر بیخوێنێتەوە، بەم شێوەیە تا گشت یاساکان دەنوسنەوە و دەخوێننەوە، ئینجا قوتابییان لە کتێبخانە بە هاوکاری مامۆستاکەیان یاساکان لەسەر کارتۆنێك دەنوسنەوە و لە پۆلدا هەڵیدەواسن، دەکرێت مامۆستا یاسای تری پێویست، بۆ پۆلەکە بنوسێت:

### لەسەر تەختە دەنوسینەوە و دەخوێنینەوە.



یاساکانی ناو پۆل:

١– هێمنی پۆلەکەم دەپارێزم.
٢– کاتێ مامۆستا فێرمان دەکات گوێی لێڕادەگرم.
٣– تا مامۆستا ڕێگام پێنەدات قسەناکەم.
٤– هاوڕێکانم خۆشدەوێن و هاوکارییان دەکەم.
٥– هەر شتێك بدۆزمەوە دەیدەمە مامۆستا.
٦– پۆلەکەم پاکوخاوێن ڕادەگرم.
٧– کەلوپەلی پۆلەکەم دەپارێزم.
٨– ئازاری کەس نادەم، ڕازینابم کەسیش ئازارم بدات.

* **دژواتاکان دەگەیەنم:** ئەم چالاکییە بیر و هزری قوتابی چالاك دەکات، لە مەبەستی (پێچەوانە) دەگات،لەتەك ئەمە سامانی وشە لای دەوڵەمەندتر دەبێت:

**دژواتاکان دەگەیەنم.**







* **وشەی گونجاو لە بۆشاییدا دەنوسم:**

– مامۆستا چالاکییەکە لەسەر تەختە دەنوسێتەوە.
– مامۆستا وشەکان بۆ قوتابییان دەخوێنێتەوە، داوای واتاکانیان لێدەکات.
– قوتابییان یەکە یەکە بۆشاییەکان پڕدەکەنەوە.

**دەستەواژەکان بە وشەی گونجاو تەواودەکەم.**

(دڵسۆز، خاوێن، جوان، بەسود)

چیرۆکی.......بەسود.......
مامۆستای......دڵسۆز..........
قوتابخانەی.....خاوێن.....
گوڵی....جوان....

* **ئەم منداڵانە چی دەکەن؟ دەنوسم:**

– مامۆستا و قوتابییان گفتوگۆ دەربارەی وێنەی یەکەم دەکەن.
– مامۆستا دەپرسێت، لەم وێنەیەدا منداڵەکە چی دەکات؟
– یەك قوتابی ئارەزوومەندانە وەڵامدەداتەوە (پرچی شەدەکات/ شانەدەکات).
– مامۆستا داوای لێدەکات (پرچی شەدەکات/ شانە دەکات) لەسەر تەختە بنوسێت، دواتر قوتابییان لە دەفتەرەکەیان دەینوسنەوە.

**ئەم منداڵانە چی دەکەن؟ دەنوسم.**



**ئەو پرچی شانە دەکات/ شەدەکات.**



**ئەو نینۆکی دەکات.**



**ئەو دەستی دەشوات.**

– ئامانج لەم چالاکییە، قوتابی لە ڕێگای وێنەوە ئاشنای کارەکان بێت، پێویست ناکات مامۆستا زاراوەی (کار) وەك ڕێزمان بەکاربهێنێت.

* **(ئێمە) بۆ خۆمان بەکاردەهێنین:**

– مامۆستا لە قوتابییان دەپرسێت (ئەگەر دەستمان شوشت، بۆ خۆمان چی دەڵێین؟) بۆ وەڵامدانەوە یەکێکیان ئارەزوومەندانە پاش دەست هەڵبڕین وەڵامەدەداتەوە (ئێمە شوشتمان)

– مامۆستا ئاماژە بۆ (....شوشتـــ....) دەکات و دەپرسێت، ئەمە چی کەمە؟ کە قوتابییەکە وەڵامیدایەوە، داوای لێدەکات لە سەر تەختەکە بینوسێت با قوتابییەکی تر بیخوێنێتەوە، دواتر قوتابییان لە کتێبەکەیان بنوسن (شوشتمان)، بە هەمان شێوە بۆ کارەکانی تر.

– پێویست ناکات مامۆستا لەم بازنەیەی خوێندندا باسی وشەی (جێناو) بکات، بەڵکو ڕێزمانەکە بە شاراوەیی دەدرێتە قوتابی، دواتر لە بازنەیەکی تر ڕێزمانی ئاشکرا وەردەگیرێت.

## (ئێمە) بۆ خۆمان بەکاردەهێنم.

ئێمە خوێندمان.

ئێمە ناشتمان.

ئێمە گوتمان.

ئێمە هێنامان.

ئێمە کردمان.



* (خۆشنوسی، ڕێنوس، ئامۆژگاری)

**تێبینی:** ئەو چالاکییانەی کە دووبارە دەبنەوە تەنها کە پێویست بوو، باسیان دەکەین.

# سیناریۆی (لە نێوان پشووی وانەکاندا)

* **بابەتی چوارەم: لاپەڕە(٤٢)**
* **کاتی تەرخانکراو: (٢) بەشە وانە**

- مامۆستا پۆستەری بابەتەکە هەڵدەواسێت (ئەگەر هەبێت)، داوا لە قوتابییان دەکات بۆ چەند چرکەیەك سەیری وێنەکان بکەن.
- ئەوکات وێنە بە وێنە بە پرسیار و وەڵام لەگەڵ قوتابییان وێنەکان ڕون دەکەنەوە، لێرەدا قوتابی پێویستی بە دەرفەتی تەواو هەیە، بۆئەوەی دەربارەی وێنەکان بئاخفێت.
- با قوتابییان لە پۆلدا بە هاوکاری مامۆستا، ئەو کێشانەی کە لە سیناریۆکە خراونەتەڕوو، نمایش/ نواندن بکەن، دەبێت بایەخی زۆر بە زمانی جەستە بدرێت.

**تێبینی:**

دەکرێت سیناریۆکە لە دەرەوەی پۆل ئەنجامبدرێت، قوتابییان بکرێن بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بۆ ڕەفتاری دروست و بەشەکەی تر ڕەفتاری نادروست نواندن بکەن.

**ڕونکردنەوەی وێنەکان:**

١. لەکاتی پشوودا ئەگەر لەنێوان قوتابییان کێشەیەك ڕویدا، پێویستە مامۆستا ئامۆژگاریان بکات و هانیانبدات ئاشتببنەوە، هەمیشە ڕێز لە یەکتر بگرن و لەکاتی ئاخافتندا وشەی جوان بەکاربهێنن و خۆیان لە وشەی نەشیاو دوربگرن.

**(هەبوونی کێشە لەنێوان قوتابییان دیاردەیەکی نەرێنییە، بەڵام ئاشتبوونەوە ئەرێنییە)**




٢. قوتابییان لە گۆڕەپانی قوتابخانە لە پشوودا نابێت یاری تۆپتۆپێن بکەن، ڕەنگە بەهۆی تۆپەکە ئازاری قوتابییانی تر بدەن، تەنها لە وانەی وەرزش بۆیان هەیە یاریبکەن.

**(یاریکردن لە شوێنی نەشیاو دیاردەیەکی نەرێنییە)**



٣. هەندێ یاری مەترسیدارن، نابێت قوتابی لە قوتابخانە و لە دەرەوە ئەنجامیانبدات. لەم وێنەیەدا ئەم دوو هاوڕێیە ڕەنگە ئازاری یەکتر بدەن، سەریان یان قاچیان بشکێت. هەروەها ئەم یاریکردنەکەیان دەبێتە هۆی شێواندن و پیسبوونی جلوبەرگیان.

**(یاری مەترسیدار دیاردەیەکی نەرێنییە)**




٤. هەمیشە ئاگاداری پاکوخاوێنی قوتابخانەمان دەبین و پاشماوەی خواردنمان فڕێدەدەینە شوێنی تایبەت.

**(ڕەوشتی دروست دیاردەیەکی ئەرێنییە)**




**چەمک، زاراوە، دەستەواژە و وشە**

(هێمنی و ئارامی، هاوکاری، بەرپرسیاریەتی)

**سیناریۆکە گەشە بەم ڕەفتارانەی قوتابی دەدات:**

- ڕێزگرتن و پابەندبوون بە یاسا.
- هاوڕێیەتی و هاوکاریکردن.
- ئاکاری ئاخافتن.
- پاراستنی پاکوخاوێنی قوتابخانە.

**تێبینی:** ڕاقەی وێنەکان تەنها بۆ هاوکاری مامۆستایە، دەبێت قوتابی دەرفەتی تەواوی پێبدرێت، لە باسکردنی وێنەکاندا تەواو سەربەست بێت، لە هەمان کاتدا پێویستە مامۆستا زیرانە و هێمنانە قوتابی بەرەو بیرۆکەی ڕاست و دروست ببات و ئامۆژگاری و ڕێنمایی بکات.

# یەکەی دووەم (ئاكار و ڕەوشت)

## (مرۆڤی بەسود)



* بابەتی یەکەم:لاپەڕە (٤٤)
* ژمارەی چالاکییەکان: (٩)
* کاتی تەرخانکراو: (١٠) بەشە وانە

### ئامانجی تایبەتی

– خۆشەویستی نیشتمان.
– جیاوازی نێوان شار و لادێ.
– گرنگی هاوکاریکردن.
– ڕواندنی هەستی مرۆڤدۆستی لە ناخی قوتابییان.
– دەوڵەمەندکردنی زانیاری، چۆن مرۆڤ دەتوانێت سودبەخش بێت؟

### چەمک، زاراوە، دەستەواژە و وشە

(نەخۆشخانە، قوتابخانە، پرد، گوند)

### هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە

**وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ:**

* سەرەتا مامۆستا بە چەند پرسیارێك بیر و هۆشی قوتابییان دەوروژێنێت و سەرنجیان بۆ بابەتەکە ڕادەکێشێت، وەك:

– ئایا ئێمە لە گوند یان لە شار دەژین؟ جیاوازیان چییە؟
– ئایا لە گوندەکەمان یان لە شارەکەمان قوتابخانەی تر هەیە؟
– ئایا لە گوندەکەمان یان لە شارەکەمان نەخۆشخانە هەیە؟
– کێ ناوی هەندێ (قوتابخانە، نەخۆشخانە)ی گوند یان شارەکەمان پێدەڵێت.
– سودی پرد چییە؟
– بەکێ دەگوترێت باپیرە یان داپیرە؟
– لە ماڵەوە کێ حەکایەت یان چیرۆکتان بۆ دەگێڕێتەوە؟ وەك حەکایەت یان چیرۆکی، چی؟

* قوتابییان سەیری وێنەکانی بابەتەکە دەکەن، با هەر یەکەیان باسکات چی لە هەر وێنەیەك دەبینێت.
* هۆیەکانی فێرکردن (داری ئامازە، وێنەی قوتابییان کاری هەرەوزە دەکەن، وێنەی منداڵان خەریکی

کاری سودبەخشن، وێنەی هەندێ کار و پیشە...)

* هەمان هەنگاوەکانی گوتنەوەی دەق لاپەڕە (٩) پەیڕەودەکرێت.

* ئەگەر بکرێت ماموٚستا و قوتابییان سەردانی نەخوٚشخانەیەك و قوتابخانەیەك بکەن.

## فێربوون بە چالاکی:

ماموٚستا و قوتابییان زەمینەی پۆل بە تابلوٚی ڕەنگاوڕەنگ، کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەبێت، پۆلەکەیان دەرازێننەوە.

* **هاوواتاکان - گفتوگوٚکردن**

* **جەختکردن لەسەر پیتی (ڕ، کـ ک ، گـ ک) بەهوٚی دوٚزینەوەی وشە لە دەقەکەدا.**

* **مەتەڵ هەڵدێنم و دەنوسم.**

- ماموٚستا مەتەڵی یەکەم بە زمانێکی ڕەوان دەخوێنێتەوە.
- داوا لە چەند قوتابییەك دەکات بیخوێننەوە.
- دواتر پێیان دەڵێت سەیری وێنەکان بکەن کام وێنە بوٚ وەڵامی مەتەڵەکە دەگونجێت.
- قوتابییەك وەڵامدەداتەوە، ماموٚستا داوای لێدەکات وشەکە لەسەر تەختە بنوسێت، ئەوکات قوتابییان لە کتێبەکەیاندا دەینوسنەوە.
- چالاکییەکە بوٚ کاراکردن و وروژاندنی هزر و بیری قوتابی سودبەخشە، وەك یارییەك تام و چێژی لێوەردەگرێت، لەهەمان کاتدا منداڵ بە بەشێکی فوٚلکلوٚری کوردی ئاشنادەکرێت:

**مەتەڵ هەڵدێنم، دەنوسم.**

*– قەڵای گەچین، ڕێی نییە تێیبچین. ......هێلکە......

*– سەربانێکە و بن بانێکە چوار مەڕ و شوانێکە. ......دەست......

*– هەوروٚکە لێی دێتە خوار بەفروٚکە. ......هێلکە / هێزنگ......

*– سێ بران دوای یەك کەوتوون بە یەك ناگەن. ......پانکە......

   

* **دژواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:**

**دژواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم.**

(نەزانین ، نوێ ، زیانبەخش ، غەمبار ، گران)



سودبەخش × ......زیانبەخش......

شادمان × ......غەمبار......

زوٚر × ......نوێ......

زانین × ......نەزانین......

ئاسان × ......گران......

* **ببینە و بڵێ، ناوی پیشەکانیان دەنوسم:**

- قوتابییان ماوەیەك سەیری وێنەکان بکەن.
- مامۆستا دەپرسێت: کێ دەزانێت وێنەی یەکەم چ پیشەیەك پیشاندەدات؟
- ئەو قوتابییەی وەڵامدەداتەوە وشەکە لەسەر تەختەکە دەنوسێت.
- دواتر قوتابییان وشەکە لە کتێبەکەیان دەنوسن، مامۆستا یەکەیەکە سەیری کتێبەکانیان دەکات.
- مامۆستاو و قوتابییان لەبارەی پیشەی پەرستار گفتوگۆدەکەن.

(بە هەمان ڕێگا پیشەکانی تر ڕوونده‌کرێنەوە).

**ناوی پیشەکان دەڵێم، دەنوسم.**



پەرستار



نانەوا



جوتیار

* (خۆشنوسی، ڕینوس، ئامۆژگاری)

# واری مە

* **بابەتی دووەم: لاپەڕە** (٥٠)
* **ژمارەی چالاکی:** (٣)
* **کاتی تەرخانکراو:** (٤) **بەشە وانە**



**ئامانجی تایبەتی**

- ناساندنی شوێنی نیشتەجێبوون.
- ڕواندنی هەستی نیشتمان پەروەری و نەتەوایەتی.
- خۆشەویستی خاك و نیشتمان.
- خۆشویستن و شانازیکردن بە سروشتی جوان.

## چەمک، زاراوە، دەستەواژە و وشە

(کوردستان، سروشت، خۆشەویستی نیشتمان)

## هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە

**وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ:**

* سەرەتا مامۆستا بە چەند پرسیارێك بیر و هۆشی قوتابییان دەوروژێنێت و سەرنجیان بۆ بابەتەکە ڕادەکێشێت، وەك:

– وڵاتی کوردان لە کوێیە؟

– ئایا وڵاتمان جوانە؟

– لە چ وەرزێکی ساڵ ڕەنگینە؟

* هۆیەکانی فێرکردن: (داری ئامادە، وێنەی هەندێ ناوچەی کوردستان، وێنەی بەهاری کوردستان، وێنەی هەندێ شاخ و ڕووبار و باخی کوردستان، وێنەی دیمەنی پرد و کارگە و دیمەنی شارستانی تر ...)

* هەمان هەنگاوەکانی گوتنەوەی شیعر لە لاپەڕە (٧ – ٨) پەیڕەودەکرێت.

* شیعرەکە ناوبەناو تا وەرگرتنی شیعری نوێ دەگوترێتەوە.

**فێربوون بە چالاکی:**

* **هاوواتاکان**

* **گفتوگۆکردن**

* **تەواوکردنی دوو دێڕ هۆنراوە بە نوسین و ڕاڤەکردنیان.**

# (ڕەفتاری هاتوچۆ)



* **بابەتی سێیەم: لاپەڕە** (٥٢)

* **ژمارەی چالاکی:**(٩)

* **کاتی تەرخانکراو:** (١٠) **بەشە وانە**

## ئامانجی تایبەتی

– ڕێزگرتن لە یاسا و یاسای هاتوچۆ.

– ناساندنی ڕەنگەکانی گڵۆپی هاتوچۆ (ترافیك لایت).

– سودی گڵۆپی هاتوچۆ (ترافیك لایت).
– هاوکاریکردنی مرۆڤی خاوەن پێداویستی تایبەت لە شەقام پەڕینەوەدا.

## چەمک، زاراوە، دەستەواژە و وشە

(هاتوچۆ، گڵۆپی هاتوچۆ (ترافیك لایت)، خاوەن پێداویستی تایبەت)

## هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە

### وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ:

* سەرەتا مامۆستا  بە چەند پرسیارێك بیر و هۆشی قوتابییان دەوروژێنێت و سەرنجیان بۆ بابەتەکە ڕادەکێشێت، وەك:
– ئایا بەیانییان بە ئۆتۆمبێل یان بەپێ دێیتە قوتابخانە؟
– پۆلیسی هاتوچۆ چ کارێك دەکات؟
– ئایا لە هاتندا بۆ قوتابخانە لە شەقام دەپەڕیتەوە؟
– دەبێت لە چ شوێنێکی شەقام  بپەڕینەوە؟
– ئێمە بۆچی پۆلیسی هاتوچۆمان خۆشدەوێت؟
* هۆیەکانی فێرکردن: (داری ئاماژە، هەندێ هێمای هاتوچۆکردن، ڕەنگەکانی ترافیك لایت...)
* هەمان هەنگاوەکانی گوتنەوەی دەق لاپەڕە (٩)، پەیڕەودەکرێت.

**هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم.**

( جادە، نیشانە، لێواری شەقام، ڕێپیشاندان، ئاکار)

* ڕەوشت: ......ئاکار..........
* شەقام: ........جادە........
* ئامۆژگاریکردن: .....ڕێپیشاندان.....
* شۆستەکان:......لێواری شەقام........
* هێما: ........نیشانە........



### فێربوون بە چالاکی:

* **هاوواتاکان**
* **گفتوگۆکردن**
* **جەختکردن لەسەر پیتی (ف ڤ، ه، پ پ) بە هۆی دۆزینەوەی وشە لە دەقەکەدا.**

**سەیردەکەم و دەڵێم، ڕستەکان تەواو دەکەم.**



لە کاتی پژمین دەم و لوتم دادەپۆشم



پێش چوونە ژوورەوە لە دەرگا دەدەم.

* **گفتوگۆدەکەین، ڕستەکان تەواودەکەم:**
– گفتوگۆ دەربارەی هەر وێنەیەك بەجیا دەکەن.
– مامۆستا داوای ڕستە لە قوتابییان دەکات.
– قوتابی ڕستەی گونجاو بۆ وێنەکە لەسەر تەختەکە دەنوسێت، دەکرێت زیاتر لە ڕستەیەك لەسەر تەختەکە بنوسرێت.
– قوتابییان ئارەزوومەندانە یەکێك لە ڕستەکان لە کتێبەکەیان دەنوسن.
* ناساندنی پلەکانی هاوەڵناوی چۆنی بە هۆی وێنەکان، زاراوەی (هاوەڵناو) وەك ڕێزمان بەکار ناهێنرێت، مامۆستا تەنها بە پرسیار و وەڵام وەسفەکانیان تێدەگەیەنێت.
* پڕکردنەوەی بۆشایی: (شێر، ترش، سێ)
* (**خۆشنوسی، ڕێنوس، ئامۆژگاری**)

تێبینی: چاکتر و سودبەخشترە مامۆستا و قوتابییان بابەتەکە لەگۆڕەپانی قوتابخانە نمایشبکەن.

# هێماکانی هاتوچۆ



بەکارهینانی پایسکل ئاساییە



ئاگاداربە شوێنی تایبەتە بە پایسکل



بەکارهێنانی پایسکل قەدەغەیە



پیادەڕۆیی ئاساییە



ئاگاداربە شوێنی تایبەتە بە پیادەڕۆ



پیادەڕۆیی قەدەغەیە




نەخۆشخانە



ئاگاداربە قوتابخانەیە



شوێنی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت

دەکرێت قوتابییان وێنەی هێمای تر ئامادەبکەن، مامۆستا و قوتابییان بەیەکەوە دەربارەی هێماکان گفتوگۆبکەن.

# ددانەکانمان

* **بابەتی دووەم: لاپەڕە (٦٠)**
* **ژمارەی چالاکییەکان: (٩)**
* **کاتی تەرخانکراو: (١٠) بەشە وانە**



## ئامانجی تایبەتی

– گرنگیدان بە تەندروستی دەم و ددانمان.
– پاکڕاگرتنی دەم و ددانمان.
– جیاکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی هەندێ پێداویستی پزیشکی.
– ئاشنابوون بە ئەندامەکانی جەستەمان.
– کەمخواردنی خۆراکە زیانبەخشەکان بەددانمان.
–گەشەدان بە هۆشیاری بایەخدان بە دەم و ددان.

## چەمک، زاراوە، دەستەواژە و وشە

(تەندروستی، پشکنین، کلۆربوون، ددانی هەمیشەیی)

## هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە

**وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ:**

* لەدوای ئەوەی کەشێکی خۆش و هاندەر بۆ بابەتەکە ئامادەدەکرێت، مامۆستا بە چەند پرسیارێك بیر و هۆشی قوتابییان دەوروژێنێت و سەرنجیان بۆ بابەتەکە ڕادەکێشێت، وەك:
– خواردن لەناو دەممان بە چی لەت دەکەین؟
– کەروێشك و سمۆرە ددانیان هەیە؟
– کامە ئاژەڵی تر ددانی هەیە؟
– ئایا ڕۆژانە ددانتان دەشۆن؟
* ئامادەکردنی هۆیەکانی فێرکردن (داری ئاماژە، داری ددان پاکردنەوە، فڵچە، هەویری ددان، داوی پاککردنەوەی ددان).
* هەمان هەنگاوەکانی گوتنەوەی (دەق) لاپەڕە (٩) پەیڕەودەکرێت.
* ئاراستەکردنی پرسیار بۆ گەشەکردنی بیری ڕەخنەگرانە لای قوتابییان بۆ نمونە( چی دەبێتە هۆی کلۆربوونی ددان؟) ئەگەر ددانی هەمیشەیی کەوت ددانی تر لە جێی دێتەوە؟

## فێربوون بە چالاکی:

* هاوواتاکان

* گفتوگۆکردن

* بڕگەی دووەم دەنوسم، دەخوێنمەوە.



| | | |
|---|---|---|
| بیسـ | تۆ | کە |



| | |
|---|---|
| فڵـ | چە |



| | | |
|---|---|---|
| گەر | میـ | پێو |



| | |
|---|---|
| دەر | مان |

* ڕیزکردن و پۆلێنکردنی هاوبەشەکان لە یەک خانەدا

* ناوی ئەندامەکانی جەستە/ لەش لە شوێنی ڕاست دەنوسم.

١.پرچ / قژ
٢. شان
٣. هەنیشك/ ئانیشك
٤. پەنجە
٥. بازوو
٦. باسك
٧. سك
٨. ڕان
٩. دەست
١٠. پێ



* ڕێکخستنی وشە و دروستکردنی ڕستە.

* (خۆشنوسی، ڕێنوس، ئامۆژگاری)

# یەکەی سێیەم (زانست و تەندروستی)

## (سوڕی ئاو)



* **بابەتی یەکەم: لاپەڕە** (٦٥)
* **ژمارەی چالاکییەکان:** (٣)
* **کاتی تەرخانکراو:** (٤) **بەشە وانە**

### ئامانجی تایبەتی

– گەیاندنی زانیاری دەربارەی چۆنییەتی پەیدابوونی ئاو.
– زانیاری لەبارەی گرنگی ئاو.
– گەیاندنی زانیاری لەبارەی چۆنییەتی باران بارین.

### چەمک، زاراوە، دەستەواژە و وشە

(سوڕی ئاو، قوڵایی ئاسمان، چڕبوونەوە، گەردوون)

### هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە

**وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ:**

* لەدوای ئەوەی کەشێکی خۆش و هاندەر بۆ خوێندنی شیعرەکە ئامادەدەکرێت، مامۆستا به چەند پرسیارێك بیر و هۆشی قوتابییان دەوروژێنێت و سەرنجیان بۆ بابەتەکە ڕادەکێشێت:
– دەستمان بە چی دەشۆین؟
– بەیانی کێ ئاوی خواردووتەوە؟
– سود و بەکارهێنانەکانی ئاو چین؟
– ڕۆژانە پێویستە چەند پەرداخ ئاو بخۆینەوە؟
– ئاو چ سودێکی بۆ ڕووەك هەیە؟
* خوێندەوەی شیعرەکە چەند جارێك بە ڕەوانی و بە دەنگێکی ئاشکرا.
* ئاراستەکردنی پرسیاری جۆراوجۆر لەسەر شیعرەکە، پرسیارەکان بۆ هەموو قوتابییانە، بەڵام وەڵام تەنها لە یەك قوتابی وەردەگیرێت.
* دواتر شیعرەکە بە ئاوازەوە دەگوترێتەوە (کەشێکی ئارام و خۆش و هاندەر بۆ شیعر گوتن ئامادەدەکرێت).
* هەمان هەنگاوەکانی گوتنەوەی شیعر لاپەڕە (٧ – ٨) پەیڕەودەکریت.

**فێربوون بە چالاكی:**

* هاوواتاكان
* گفتوگۆكردن
* تەواوكردنی دوو دێری هۆنراوەكە و ڕاڤەكردنیان

**زانیاری زیاتر بۆ مامۆستایان**

مامۆستایانی بەڕێز: كارامەیی كوێگرتن زۆر بایەخدارە، چونكە گوێگر بەتەنها گوێبیستی قسەكانی ئاخێوەر نابێت، بەڵكو هەموو بایەخێك بە جوڵەی جەستە و ئاماژەی دەروونی و ئاوازەی دەنگ و ڕاڤەكردنی واتای وشەكانی دەدات.

## سیناریۆی (بەیتاڵ/ڤێتێرنەری)

* بابەتی سێیەم: لاپەڕە (٦٧)
* كاتی تەرخانكراو: (٢) بەشە وانە

* لەسەر بنەمای (ببینە و بڵێ) یاخود خوێندنەوەی وێنەكان، لای مامۆستا و قوتابی پۆلی دووەم شتێكی نامۆ نییە، بەڵكو درێژەپێدانی كتێبی خوێندنی كوردی پۆلی یەكەمی بنەڕەتییە، بەڵام لە پۆلی دووەم فراوانتر دەبێت، دەتوانرێت پانتاییەكی فراوانتر بۆ خەیاڵی مندال برەخسێنێت، بە ڕادەیەك لە كۆی وێنەكان چیرۆكێك دروست بكات و بیگێڕێتەوە، بەڵام مامۆستا پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرێت، كە چیرۆكی وێنەكان لە چوارچێوەی تەوەری یەكەكە بێت و هەمان هەنگاوەكانی سیناریۆی پێشوو لاپەڕە (٢٢) پەیڕەوبكات:

**(بیردەكەمەوە، چیرۆكێك بۆ ئەم وێنانە دەگێڕمەوە)**

**ڕونكردنەوەی وێنەكان بۆ مامۆستا:**



١. كەروێشكێك لەژێر دارێك نەخۆش كەتووە.



٢. كچێك دەیبینێت و بەزەیی پێ دێت و لەباوەشی دەكات.





٣. کەروێشکەکە دەباتە لای پزیشکی (ئاژەڵان/ بەیتاڵ)، چارەسەری بۆ دەنوسێت.

٤. کەروێشکەکە، بە دەرمانی پزیشکەکە چاکدەبێتەوە و دەست بە یاریکردن دەکاتەوە.

**چەمک، زاراوە، دەستەواژە و وشە**

(خۆشەویستی گیانداران، بەیتاڵ، شارەزا، چارەسەروەرگرتن)

**سیناریۆکە گەشە بەم ڕەفتارانەی قوتابی دەدات:**

- خۆشویستنی ئاژەڵ.
- بەزەیی هاتنەوە بە گیانلەبەران و ئازار نەدانیان.
- پێویستە لەکاتی پێویست داوای یارمەتی لە کەسانی پسپۆر و شارەزا بکەین.
- ئاشنابوون بە پیشەی بەیتاڵ و خۆشەویستکردنی پیشەکە.

* هەمان هەنگاوەکانی گەتنەوەی سیناریۆی یەکەم (٢٢ – ٢٣) پەیرەودەکرێت.

# (کۆمپیوتەر)



* **بابەتی چوارەم: لاپەڕە (٦٨)**
* **ژمارەی چالاکییەکان: (٩)**
* **کاتی تەرخانکراو: (١٠) بەشە وانە**

**ئامانجی تایبەتی**

- ئاشناکردنی قوتابیان بە ئامێری کۆمپیوتەر.
- شارەزابوون لە بەشەکانی ئامێری کۆمپیوتەر.
- زانینی سودەکانی کۆمپیوتەر.
- بایەخدان بە تەندروستی چاو.
- ئاشنابوون بە ڕەنگەکانی پەلکە زێرینە.
- ناساندنی ئامێری جۆراوجۆر.

**چەمک، زاراوە، دەستەواژە و وشە**

(پزیشکی چاو، بوارەکان، کۆمپیوتەر، زانیارییەکان، چارەسەر)

## هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە

### وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ:

* لە دوای ئەوەی کەشێکی خۆش و هاندەر بۆ بابەتەکە ئامادەدەکرێت، مامۆستا به چەند پرسیارێك بیر و هۆشی قوتابییان دەوروژێنێت و سەرنجیان بۆ بابەتەکە ڕادەکێشێت:
– دەزانن ئەم ئامێرە ناوی چییە؟ (پێویستە ئامێرێکی کۆمپیوتەر ببردرێتە پۆل)
– ئەم ئامێرەتان پێشتر دیتووە؟
– کۆمپیوتەر لە کوێ بەکاردەهێنرێت؟
– کۆمپیوتەر بە چی کاردەکات؟
* هۆیەکانی فێرکردن (داری ئاماژە، ئامێری کۆمپیوتەر یان لاپتۆپ، سیدی، فلاش میمۆری...)
* هەمان هەنگاوەکانی گوتنەوەی دەق لاپەڕە (٩) پەیڕەودەکرێت.
* شیکردنەوەی ناوەرۆکی دەقەکە بە ئاراستەکردنی پرسیاری جۆراوجۆر
* ئاماژە بە بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی کۆمپیوتەر بکرێت، لە ئێستا و داهاتوودا، کە ڕەنگە لە زۆر بواری دیکە بەکاربهێنرێت.

### فێربوون بە چالاکی:

* **هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:** (ئازار، ئێش، زانیارییەکان، ڕاستییەکان، بوار، ماوە، سودی لێدەبینن، کەڵکی لێوەردەگرن)
* **گفتوگۆکردن**
* **وشەی ڕاست دەنوسم:**
١– مۆنیتەر(شاشە) ٢– کیبۆرد ٣– کێیس ٤– ماوس ٥– بیستەر



* جەختکردن لەسەر پیتی (ز، سـ س، ێـ ێ) بەهۆی دۆزینەوەی وشە لە دەقەکەدا.



* **گفتوگۆدەکەین:**
**ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینە:**
ڕەنگەکانی (پەلکە زێڕینە، کۆلکە زێڕینە) حەفت ڕەنگن (وەنەوشەیی، شینی کاڵ، شینی تێر، سەوز، زەرد، نارنجی، سور)

**کەی چۆن پەیدا دەبن؟**
لە وەرزی بەهاردا کاتێك خۆر دوای باران بارین لە دڵۆپی بارانی ناو هەورەکە دەدات، تیشکی خۆر شیدەبێتەوە بۆ ئەم حەفت ڕەنگە و وەك چەماوەیەکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگ بەرامبەر بەخۆر دەردەکەوێت.

* **نیشانەی(√) و (×) بۆ وێنەی گونجاو دابنێ:**

ناوی ئەم ئامێرانەی کە لە چالاکییەکە بەکارهاتوون:



دووربین



جلشۆر



ئامێری دوورمان



ئامێری کۆپیکردن

* (خۆشنوسی، ڕێنوس، ئامۆژگاری).

# یەکەی چوارەم (نیشتمان)

## (کوردستان)



* **بابەتی یەکەم: لاپەڕە (٧٦)**
* **ژمارەی چالاکییەکان: (٩)**
* **کاتی تەرخانکراو: (١٠) بەشە وانە**

**ئامانجی تایبەتی**

- گەیاندنی واتای هاووڵاتیبوون.
- گرنگیدان بە پەیوەستبوونی تاك بە نیشتمانەکەیەوە.
- چاندنی هەستی خۆشەویستنی خاك و نیشتمان.
- ئاشناکردنی قوتابییان بە وڵاتەکەیان کە (کوردستان)ە.
- ناساندنی خاك، ئاو و سامانی کوردستان.

**چەمك، زاراوە، دەستەواژە و وشە**

(بەپیت، مێژووی هاوبەش، دڵگیر و دڵرفێن، شوێنەواری دێرین)

## هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە

**وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ:**

* پاش ئەوەی کەشێکی خۆش و هاندەر بۆ هۆنراوەکە ئامادەدەکرێت، مامۆستا بابەتەکە بە چەند پرسیارێك بیر و هۆشی قوتابییان دەوروژێنێت و سەرنجیان ڕادەکێشێت:

– ئێمە لە کوێ دەژین؟
– کوردستان بە چی بەناوبانگە؟
– جگە لە کوردستان وڵاتی ترتان دیوە؟ بۆم باسبکەن؟
– نیشتمانی چۆلەکە کوێیە؟
– نیشتمانی هەندێ گیانلەبەری ترم پێبڵێن؟

* هۆیەکانی فێرکردن: ( داری ئاماژە، وێنەی جۆراوجۆری چەند دیمەنێکی کوردستان، وێنەی پێشمەرگە لەبەرەکانی بەرگری لە نیشتمان...)
* هەمان هەنگاوەکانی گوتنەوەی دەق لاپەڕە (٩) پەیڕەودەکرێت.
* وروژاندنی بیری قوتابییان بە پرسیاری تایبەت بە دەقی وانەکە، دەرخستنی پیرۆزی پێشمەرگە وەك سومبولێکی نیشتمانی.

## فێربوون بە چالاکی:

* **هاوواتاکان**
* **گفتوگۆکردن**
* **یاری دروستکردنی وشە:** (**کۆتر، کەف، فڕۆکە**)
* **وشەی هەڵە ڕاستدەکەمەوە و ڕستەکە دەنوسمەوە:** دۆزینەوەی هەڵەکان، ڕاستکردنەوەیان، گەیشتن بە مانای گونجاوی ڕستەکە و نوسینەوەی.

**گفتوگۆدەکەین،ڕستە دەنوسین.**



١– نەورۆز سەرەتای ساڵی کوردییە.

٢– جەژنی نەورۆز ئاگر دەکەینەوە.

* **گفتوگۆدەکەین، دوو ڕستە بۆ ئەم وێنەیە دەنوسین:**

بەستنەوەی بابەتەکە بە جەژنی نەتەوەیی کورد(نەورۆز)،

– پاش ئاخافتن، چەند ڕستەیەکی قوتابییان لەسەر تەختەکە دەنوسرێت.
– قوتابی سەربەستە لە هەڵبژاردنی ڕستەی تەواو.

## ئامانجی تایبەتی

* **من بۆ (تۆ) دەڵێم:** ناساندن و پراکتیزەکردنی جێناوی سەربەخۆ و لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك (تۆ–ت).

* (**خۆشنوسی، ڕێنوس، ئامۆژگاری**)

# (ئاڵامان)



* **بابەتی دووەم: لاپەڕە (٨١)**
* **ژمارەی چالاکییەکان: (٣)**
* **کاتی تەرخانکراو: (٤) بەشە وانە**

### ئامانجی تایبەتی

- پیرۆز ڕاگرتنی ئاڵامان.
- خۆشەویستنی ئاڵای کوردستان.
- ناسینی ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان.
- هەر ڕەنگێک هێمایە بۆ چی؟
- یەکێتی ڕیزەکانی گەل.

### چەمک، زاراوە، دەستەواژە و وشە

(هێمای ژیان، یەك گوتار، یەك ڕەنگ، شەکاوە، قەشەنگ)

### هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە

**وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ:**

* لەدوای ئەوەی کەشێکی خۆش و هاندەر بۆ خوێندنەوەی شیعرەکە ئامادەدەکرێت، مامۆستا ئاڵای کوردستان و ئاڵای هەندێ وڵاتی تر دەهێنێتە پۆلەکە، پێشەکی بە چەند پرسیارێك بیر و هۆشی قوتابییان دەوروژێنێت و سەرنجیان بۆ بابەتەکە ڕادەکێشێت:
- ئایا ئاڵاکەتان خۆشدەوێت؟
- کەی ڕۆژی ئاڵای کوردستانە؟
- بەیەکەوە لە ڕۆژی ئاڵادا چی دەکەین؟
- کێ ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانم بۆ دەژمێرێت؟
- هەموو وڵاتێك ئاڵای خۆی هەیە؟
- کێ ئاڵای کوردستان لەناو ئەم ئاڵایانە دەردەهێنێت؟
* ئامادەکردنی هۆیەکانی فێرکردن (داری ئامازە، ئاڵای کوردستان، ئاڵای چەند وڵاتی تر، ڕەنگی سپی و زەرد و سەوز و سور).
* شیکارکردنی ناوەڕۆکی بابەت بە پرسیار و وەڵام.
* ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ چێژوەرگرتن لە وانەکە و بەشداریکردنی کارای قوتابییان.
* ڕەچاوکردنی ڕێگای جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی وانەکە.

# ( گەشتی شانەدەر )



* بابەتی سێیەم: لاپەڕە (٨٣)
* ژمارەی چالاکییەکان: (٩)
* کاتی تەرخانکراو: (١٠) بەشە وانە

## ئامانجی تایبەتی

- دەرخستن و پیشاندانی گرنگی و بایەخی ڕابردوو و مێژوو لە ژیانی کۆمەڵگەدا.
- بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر مێژوو و ژینگەی دەوروبەری قوتابی.
- گرنگی گەشت و سەیران بۆ ئاشنابوون بە شوێن و ناوچەکانی وڵات.
- پاراستنی شوێنەوارەکان وەك ئەرکێکی نیشتمانپەروەری.

## چەمک، زاراوە، دەستەواژە و وشە

**(پارێزگای هەولێر ، شوێنەوار ، هەزارمێرد ، چیای برادۆست ، ئەشکەوتی شانەدەر)**

## هەنگاوەکانی وانەگوتنەوە

**وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ:**

* لەدوای ئەوەی کەشێکی خۆش و هاندەر بۆ بۆ خوێندنەوەوی شیعرەکە ئامادەدەکرێت، مامۆستا بە چەند پرسیارێك بیر و هۆشی قوتابییان دەوروژێنێت و سەرنجیان بۆ بابەتەکە ڕادەکێشێت، وەك:

- ئایا لە شارەکەمان/گوندەکەمان شاخ هەیە؟
- ناوی چییە؟
- کێ ناوی چیایەکی کوردستانم بۆ دەڵێت؟
- کێ ئەشکەوتی دیوە؟
- ئایا لە شارەکەمان/ گوندەکەمان شوێنەواری دێرین هەیە؟
- کێ شوێنەوارێکی دیتووە؟ لە کوێ؟

* هۆیەکانی فێرکردن (داری ئاماژە، وێنەی چیای حەساڕۆست، وینەی ئەشکەوتی هەزار مێرد، وێنەی هەندێ شوێنەوار، کە لە ژینگەی قوتابیدا هەبێت، یان پەیکەری هەندێ شوێنەوار...)
* هەمان هەنگاوەکانی گوتنەوەی دەق لاپەڕە (٩) پەیڕەودەکرێت.

**فێربوون بە چالاکی:**

* ڕاڤەکردنی واتای وشە – گفتوگۆکردن
* نوسینی پیت و گۆکردنی دەنگەکانی هەردوو وشەی (گرکان) و (پرد)
* جەختکردن لەسەر پیتە هاوشێوەکان (و) و (ۆ) و (وو) بەدۆزینەوەی وشەکانی ناو دەقەکەدا
* ناساندن و پڕاکتیزەکردنی جێناوی سەربەخۆ و لکاو بۆ کەسی دووەمی کۆ (ئێوە – تان)
* ناسینەوەی جێناوە سەربەخۆکان
* (خۆشنوسی، ڕێنوس، ئامۆژگاری)

# وەرزی دووەم:

**١. لە دەقی پەخشان لەبەرئەوەی ژمارەی چالاکییەکان(١١)یە، کاتی تەرخانکراو دەبێتە(١٢) بەشەوانە.**
**٢. سیناریۆی (هەنار) لەبەرئەوەی ئاخافتن و خوێندنەوە و نمایشکردنە (٤) بەشە وانەی بۆ تەرخانکراوە هەمان هەنگاوەکانی گوتنەوەی سیناریۆی یەکەم لاپەڕە (٢٢ -٢٣) پەیڕەودەکرێت.**
**٣.هەردوو دەقی (پەخشان) و (شیعر) بە هەمان هەنگاوەکانی ئاماژەپێکراو دەگوترێنەوە.**

## ڕوونکردنەوەی هەندێ لە چالاکییەکانی وەرزی دووەم:

*لاپەڕە(١٠)
١. (چـ، ا، و، یـ، لـ، کـ، ـە) - (کـ، ێ، ک)
**گۆکردن:** دووبارە بەبیر مامۆستای بەڕێز دەخەینەوە، کە ناوی پیت و دەنگی پیت لەگەڵ یەکتر تێکەڵاو نەکات، لەم قۆناغەدا ناوی پیت ناخوێندرێت.
* لاپەڕە(١٥):

**هاوواتاکان**

(هێز ، بێگومان بە ، تانۆک ، بێپشو ، هەوڵدەدەین)
تین:.......هێز............
دڵنیابە:.........بێگومان بە.........
تێدەکۆشین:.....هەوڵدەدەین...........
بێوچان:.........بێپشو...........
پەرژین:.......تانۆک..........





**٢. دەڵێم سەعات چەندە؟**
- مامۆستا چۆنییەتی خوێندنەوەی کاتژمێر بۆ قوتابییان ڕوندەکاتەوە.
- لە وێنەی یەکەمدا، پاش ئەوەی قوتابی وەڵامدەداتەوە، مامۆستا دەپرسێت: پێویستە لە سەعات نۆی شەو چی بکەین؟ وەڵام: دەخەوین.
- بە هەمان شێوە بۆ وێنەکانی تر: (٧)ی بەیانی کاتی لە خەو هەڵستانە، (٧,١٥)ی بەیانی کاتی نانخواردنی بەیانیانە، (٤,٣٠)ی ئێوارە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی ماڵەوەیە.

*لاپەڕە(٢٧):

**یاری دروستکردنی وشە:**



(م. ـە، یـ، مـ، و، ن)



(پـ، ـە، نـ، گـ، و، یـ، ن)



(کـ، ـە، ر، و، ێـ، شـ، ک) – (شـ، ێـ، ر)



(شـ. ێـ، ر)

*لاپەڕە(٢٧):

**وشە هەڵدەوەشێنمە، بڕگە و پیت دەنوسم.**

| وشە | بڕگە | ژمارەی بڕگەکان | پیتەکان |
|---|---|---|---|
| پێشوازی | پێشـ/وا/ زی | ٣ | پـ، ێـ، شـ، و، ا، ز، ی |
| ئاسودە | ئا/ سو / دە | ٣ | ئـ، ا، سـ، و، د، ە |
| ڕۆژان | ڕۆ/ ژان | ٢ | ڕ، ۆ، ژ، ا، ن |
| ئاو | ئاو | ١ | ئـ، ا، و |

*لاپەڕە(٢٨):

**بە هاوکاری وێنەکان دەقەکە دەخوێنمەوە:**

ناوی وێنەکان: (شێر، زێبرا، پاندا، دراگۆن، مراوی، مەڕ، بزن، مریشك، کەڵەباب/کەڵەشێر، کوبرا)

*لاپەڕە(٣٧):

(گەڕیان: گەڕان زەڤی: زەوی هەمی: هەموو سێڤ: سێو هوون: ئێوە باژێڕ: شار)

*لاپەڕە(٣٨):

ناوی میوەکان: (تری، هەرمێ، گندۆرە، سێو)

* لاپەڕە(٣٩):

مەتەڵ هەڵبینە: ڕێواس – ڕێڤاس        هەور – عەڤر    خەڵۆز / ڕەژوو – ڕەژی

* لاپەڕە(٤٠):

(ئەز – ئەم ، تو – هون ، ئەو – ئەو)

* لاپەڕە(٤٦):

**هاوواتاکان لە شوێنی ڕاست دەنوسم:**

مریشك : مامر    دۆزیەوە: دیتەوە    ناتوانم: نەشێم    ئاش: ئاسیاو    جوجەڵە: جیجك

* لاپەڕە(٥٧):

ئەم وشانە هەڵدەوەشێنمەوە: (پە/ ڕە/ سێڵ / کە)   (لەق/لەق)   (سـ/ مۆ /رە)

* لاپەڕە(٥٨):

وشەکان: (ماسی، بۆق، قاز، ڕێوی– بە پێچەوانە دەخوێندرێتەوە)



* لاپەڕە ٥٩:

## نیشانەی گونجاو بۆ ئەم ڕستانە بەکاردەهێنم.

(؟) یان (.) یان (!) یان (:) یان (،)

* پەڕەسێلکە گوتی: بۆق پێویستیت بە یارمەتی نییە؟
* بۆق هاواری کرد: – پەڕەسێلکەی بیر تیژ و وریا! پێم بڵێ چیم بۆ دەکەیت؟
* فیل، دارکونکەرە، سمۆرە و لەقلەق هاوڕێی پەڕەسێلکە بوون.
* بۆچی هەموویان بە پلانەکە شاد بوون؟
* ئای! بۆقەکە ڕزگار بوو.

* لاپەڕە ٥٩:

– لەم چالاکییە دوو مەبەست دەپێکێت: یەکەمیان قوتابی بە خوێندنەوە و بە هاوکاری وێنە زانیاری نوێی دەستدەکەوێت، دووەمیان بەستنەوەی زمان بە بابەتی زانستی. مامۆستا دەتوانێت لە ئەنجامی گفتوگۆکردندا زانیاری زیاتر لە قوتابییان بپرسێت و خۆی زانیاری زیاتریان پێبدات.

## ئایا دەزانیت؟



شەمشەمەکوێرە: ئەو گیاندارە شیردەرەیە، کە بە جوتێك باڵی پەردەیی دەفڕێت، شێوەی لە مشك دەچێت، لە شوێنە تاریکەکان، وەکو ئەشکەوتەکان دەژی.



بڵندگۆ: بەهۆی بڵندگۆوە دەنگمان بڵندتر دەکەین، تاکو دەنگمان بگاتە کەسانی تر؛ وەکو لە کاتی ئاهەنگ گێڕانی جەژنی نەورۆز و بوك گواستنەوەدا.

ئەم چالاکییە نانووسرێتەوە تەنیا بۆ خوێندنەوە و گفتوگۆکردنە.

* لاپەڕە(٦٠)

| | |
|---|---|
| من چالاکم | ئێمە چالاکین |
| تۆ چالاکیت | ئێوە چالاکن |
| ئەو چالاکە | ئەوان چالاکن |

# بەشی دووەم

## کارامەییەکان

* گوێگرتن و خوێندنەوە
* نوسینەوە
* ڕێنوس و جۆرەکانی
* پلانی ساڵی خوێندن

# بەشی دووەم

**کارامەییەکان:**

## ١. گوێگرتن:

- دانیشتنێکی ڕاست و دروست و سەیرکردنی قسەکەر.

. گوێگرتن بە ئاگاییەوە.

. پێویستە لە کاتی قسەکردندا قسەی کەسی قسەکەر نەبڕدرێت.

. ئەو ڕوداو و کەسایەتی و چیرۆکانەی بیردەکەوێتەوە کە بیستوویەتی.

. گوێگرتن لە گۆکردنی پیت و دەربڕینی ڕاست و دروستی بڕگە و وشە و ڕستە.

. ئاگاداربوون لە بەرزی و نزمی و لەرەی دەنگەکە بەپێی پێویستی ڕستەکان.

. ڕەنگدانەوەی باری دەرونی ڕستەکان لە دەربڕیندا.

. جیاکردنەوەی دەنگە هاوشێوەکان لە ڕووی دەنگەوە.

. ناسین و بیستنی وشەی نوێ و زاراوەی نوێ.

. لکاندنی دەنگی بڕگەکان پێکەوە بۆ دروستبوونی وشەی نوێ.

. ئاشنابوون بە ئاوازی سرود و شیعر.

. ڕاهاتن لەسەر گوتنەوەی ئاوازی شیعر بە تەنها و لەناو گروپ.

. بەستنەوەی وشەکان بە واتاکانیان.

. ڕاهاتنی قوتابییان لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیاری ئاراستەکراو بە وشەی (چۆن، چی، کێ، چەند، بۆچی، کام، کەی) .

. بڕگەکردن.

. گۆڕینی وێنەکان بۆ دەنگ و دەربڕینیان.

. گوێگرتن لەم چیرۆکانەی لە پۆلدا دەخوێندرێنەوە.

. کاردانەوەی گوێگر لە بەرامبەر ئەوەی گوێی لێدەبێت.

## ٢. ئاخافتن:

١. سەیرکردنی ئەوانەی گوێت لێدەگرن.

٢. بەرزکردنەوەی ئاستی دەنگەکە تا هەموو ئامادەبووان گوێی لێبگرن.

٣. پابەندبوون بە کاتی قسەکردن.

٤. پابەندبوون بە ڕێساکانی بەشداریکردن لە گفتوگۆ و وتووێژ.

٥. ڕێزگرتن لە مافی کەسانی تر لە ئاخافتن.

٦. بواردان بە کەسانی تر بۆ گفتوگۆ لە کاتی گونجاودا.

. گونجاندنی دەنگ لەگەڵ ئاوازدا.

. ڕاهاتن لەسەر بوێری لە ئاخافتندا.

. ڕێکخستنی بیرکردنەوە لە کاتی دەربڕیندا.
. وەڵامدانەوەی پرسیارە ئاراستەکراوەکان بە بەکارهێنانی کرۆکی پرسیارەکە.
. پرسیارکردن بە وشەی پرس.
. گۆڕینی تۆنی دەنگ(بەرزی و نزمی) بە گوێرەی ڕستەکە.
. گرنگیدان بە شێوەی گێڕانەوە ( سادە، چیرۆك، ڕوداو، گەیاندنی زانیاری).
. ئاخاوتنی ڕون و ئاشکرا بۆ گەیاندنی ئەوەی دەیەوێت.
. دەربڕینی زارەکی بایەخدان بە زمانی جەستە لە وێنەی سیناریۆکان.
. شارەزابوون بە بەکارهێنانی وشە و چەمك و زاراوە و دەستەواژەی نوێ و پراکتیزەکردنیان.
. بایەخدان بە واتای وشەکان.
. بایەخدان بە واتای وشەکان و تێگەیشتنیان.
. جیاکردنەوەی دەنگە هاوشێوەکان و گۆکردنیان.
. بایەخدان بە خاڵبەندی.
. گونجاوی و تەبابوونی وشەکان لەگەڵ لۆژیك و عەقڵ و یەکانگیربن.
. جیاکردنەوەی دەنگە هاوشێوەکان و گۆکردنیان شارەزابوون لە زاری کرمانجی سەروو و خواروو و پراکتیزەکردنیان.

### ٣. خوێندنەوە:

. خوێندنەوەی بەدەنگ و بێدەنگ.
. خوێندنەوەی وشەی داڕێژراو وشەی لێکدراو و دەستەواژە و ڕستە.
. جەختکردن لەسەر جێناوە سەربەخۆ و لکاوەکان.
. خوێندنەوەی شیعر و سرودەکان بە ئاواز.
. دەرئەنجامی ئەوەی دەخوێنرێتەوە ئەو هەست و سۆزەی لە دەقەکان هاتووە.
. پێکەوە گرێدانی ئەوەی دەخوێنرێتەوە لە کەسایەتی و کات و شوێن.
. ڕەچاوکردنی کارامەیی گۆکردنی دەنگەکەکان.
. ڕەچاوکردنی کارامەیی بەررزی ونزمی دەنگ لە خوێندندا.
. دۆزینەوەی بەهاکان لە دوتۆی دەقەکان.
. بەدەستهێنانی زانیاری گشتی لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقەکان.
. پێشبینی ناوەڕۆکی دەق لە ناونیشانی دەقەکە.
. ئەوەی دەخوێنرێت بگۆڕدرێت بۆ کرداری وێناکردن، کرداری دەلالەت، گفتوگۆکردن.
. گوێڕایەڵبوونی ئامۆژگارییەکان لەکاتی خوێندنەوە و هەوڵی جێبەجێکردنیان.

**٤. نوسین:**

. نوسینی ڕاست و دروست.

. وێناکردنی دەنگەکان (نوسینی پیت) بەتەنها و لکاندنی بە پیتەکانی تر.

. بایەخدان بە چۆنییەتی نوسینی هەردوو شێوەی پیتەکان (ئاراستەی پێنوس).

. ڕەچاوکردنی بەکارهێنانی بزوێنی کورت و بزوێنی درێژ لە شوێنی گونجاوی خۆیدا.

. ڕەچاوکردنی بەکارهێنانی پیتی (و) و (وو) لە شوێنی گونجاوی خۆیدا.

. ڕەچاوکردنی بەکارهێنانی پیتی (ی) و (یی) لە شوێنی گونجاوی خۆیدا.

. بایەخدان بە هێماکانی خاڵبەندی.

. بایەخدان بە شێوەی بڕگەکردن و نوسینی بڕگەکان.

. نوسینەوەی وشە و گرێی و ڕستە.

. نوسینەوەی بەشێکی دەقەکان.

. نوسینی ناوی وێنە یان دروستکردن و نوسینی ڕستە لە ڕێگای وێنەدا.

. گرنگیدان بە هەرچوار ڕێنوسی (گواستراو – بینراو – بیستراو بە گوێگرتن – ئەزمونی).

. گرنگیدان بە خۆشنوسی.

## گوێگرتن و خوێندنەوە:

منداڵان لە نەشونماکردنیان و کامڵبوون بە قۆناغی جۆراوجۆر تێدەپەڕن، لەم کاروانەی نەشونماکردنەدا گەلێك چاپوکی و نەریت و شارەزایی وەردەگرن، بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی فێربن، پێویستە بەم هەنگاوانە تێبپەڕن کە بۆ ئەم فێربوونە ئامادەیان دەکات.  قوتابی لە سەرەتای دەسپێکردنی بە پرۆسەی فێربوون و فێرکردنی پێویستی بە (٥ – ٦) ساڵی مەشق و ڕاهێنان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە زمانی قسەکردنی ماڵەوە ڕزگاری بێت، کە ڕەنگە بە کاریگەری زاری بچوك کەموکورپیەکی زۆر بە ئاخافتنەکەی دیار بێت، کە دوری دەکاتەوە لەم زمانە پەروەردەییەی پێویستە لە قوتابخانە بەکاربهێنرێت. مامۆستای هۆشیار و سەرکەوتوو، لە ئاراستەکردنی دروستی قوتابی دەتوانێت ڕۆڵێکی کارا و چەسپاوی لە گەشەپێدانی زمانی ئاخافتنی قوتابی هەبێت.

منداڵ لە قۆناغی پێش فێربوونی خوێندنەوەدا بە تەواوی لە وەرگرتنی زانیارییەکان پشت بە گوێگرتن دەبەستێت، تەنانەت پاش فێربوونی چاپوکییەکانی خوێندنەوەش، کاتی خۆش و چێژبەخشەکانی منداڵان لە قۆناغی سەرەتاییدا، ئەو کاتەیە کە گوێ لەو بابەتە دەگرن کە ئارەزوویان لێی هەیە. گوێگرتن سەرباری ئەوەی لایەنێکە لە هونەرەکانی زمان، یەکێکە لە چاپوکییە بنەڕەتییەکانی پێوەندیکردن و لە قۆناغە یەکەمییەکانی خوێندندا ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشکەوتنی منداڵ و سەرکەوتنیدا هەیە. کردەی گوێگرتن، پتر گوێهەڵخستنە (الأنصات – Auding) کە بە هۆیەوە ئەم ئامانجانە بەدیدەهێنرێن:

–گوێگرتن بۆ پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکان
–گوێگرتن بۆ وەرگرتنی زانیاری
–گوێگرتن بۆ چێژوەرگرتن
–گوێگرتن بۆ هەڵسەنگاندن
–گوێگرتن بۆ نرخاندن
–گوێگرتن بۆ دەربڕینی بیر و هەستەکانی
–گوێگرتن بۆ جیاکردنەوەی دەنگەکان
–گوێگرتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

مامۆستا دەتوانێت ئەم حەزەی گەڕان و دۆزینەوەی لەناخی قوتابی ئەم تەمەنە هەیە، بگوازێتەوە بۆ بەکەلتورکردن و هۆگرکردنی حەزی خوێندنەوە، ئەمەش بە جێبەجێکردنی چالاکی جۆراوجۆر، وەك خوێندنەوە و گێڕانەوەی هێمن و ئارامی چیرۆکی سادە و ساکاری گونجاو لەگەڵ ئاست و تەمەنیان، بە شێوەیەك ئارەزووی ئاگاداربوون لای  قوتابییەکە بزوێنێت، ئەمەش بە بەکارهێنانی زمانی جەستە و جەختکردن لەسەر دەنگەکانی نێو چیرۆکەکان، وەك دەنگی ( ئۆتۆمبێل، هۆڕنی ئۆتۆمبێل، چرکەی سەعات، باران، پێی ئەسپ، ئاژەڵان، ئامێرەکان...) دەشێت بۆ بەخشینی کەشوهەوایەکی خۆش، لە میانەی گێڕانەوەکەی قوتابییان لاسایی دەنگەکان بکەنەوە. قوتابی دەبێت هانبدرێت یارمەتیبدرێت بۆئەوەی چی بیستووە بیڵێتەوە و ڕاڤەی بکات، شارەزاییەکی پێبدرێت، کە توانستی هەڵسەنگاندن و ڕادەربڕینی هەبێت، بە کارامەیی و بایەخەوە گوێی لێبگیرێت، وا پیشان بدرێت کە بایەخ بە قسەکانی دەدرێت، بە شێوەی سەرلەقاندن بێت یان بە بەکارهێنانی بەردەوامی دەستەواژەی ( ئافەرین، بەڵێ،

باشه، زۆرباشه...) دەبێت مامۆستا زۆر بەوردی و بەباشی لە گەشەپێدانی توانستی ئاخافتنەکەی ڕۆلی خۆی بگێڕێت و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکان و ئارەزووەکانی تەواو تێگەیشتبێت.
قوتابی بەناو چالاکی گوێگرتن و قسەکردندا دەپەڕێتەوە بۆ بواری خوێندنەوە و نوسین. خوێندنەوە کردەیەکی هۆشەکییە، لە تێڕوانینی هێما نوسراوەکان و ناسینەوە و وردبوونەوە، واتای وشە نوسراوەکان دەردەهێنێت، توانستی خوێندنەوە لای منداڵ بە یەککەوتنەوە و هاوڕێیی لەتەك توانستە جەستەیی و ژیرییەکاندا گەشە دەکات، بۆیە پێویستی بە کات و ڕاهێنانە تاکو وردە وردە بە خوێندنەوە ڕادێت. مامۆستا لە خۆشەویستکردنی بابەتی خوێندنەوە ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت، بە مەشق و چالاکی جۆراوجۆری ناو کتێبەکە و سەردانی کتێبخانەی قوتابخانە یان دروستکردنی کتێبخانەیەکی بچوك لە پۆلدا و خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانەی بۆ ئەم تەمەنەی منداڵ پێویستن و زیاتر حەزی خوێندنەوە لە ناخی قوتابی دەڕوێنێت.(١)

**جۆرەکانی خوێندنەوە:**

١. خوێندنەوەی بێدەنگ (بەچاو)

٢. خوێندنەوەی بە دەنگ

٣. خوێندنەوەی بیستراو (گوێگرتن)

خوێندنەوە کارێکی هزریە، مەبەستی بنەڕەتی لێی تێگەیشتنە لەگەڵ بەدەستهێنانی زانیاری ڕۆشنیری لەبابەتی خوێنراو، هەروەها چێژوەرگرتن لە بەرهەمی ژیری و داهێنان. منداڵ پێویستە لەسەر حەزی خوێندنەوە پەروەردەبکرێت، گەشە بە ئارەزووی خوێندنەوەی و توانستی وەرگرتن و تێگەیشتنی بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەك بەشەوانە بۆ خوێندنەوەی دەرەکی تەرخانکراوە، تیایدا مامۆستا چیرۆك بەم شێوەیە بۆ قوتابییان دەخوێنێتەوە:

– مامۆستا چیرۆکێکی بەسود لە پۆلەکەدا، بۆ قوتابییان دەخوێنێتەوە.
– بەیەکەوە لەگەڵ قوتابییان دەربارەی گفتوگۆدەکەن.
– با هەر ڕۆژێ چەند قوتابییەك، بەسەرهات و ڕوداوی چیرۆکەکە بگێڕنەوە، مامۆستا لە دەربڕینی دروست هاوکاریان بێت.
– دەتوانێت مامۆستا بە هاوکاری قوتابییان، چیرۆکەکە وێنەدار بکەن و پۆلەکەیان پێ بڕازیننەوە.
– ئەم چالاکییە زارەکییە، لەتەك سودی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە، بۆ گەشەی ئاخافتن و بەهێزکردنی توانای دەربڕینە، پێویست ناکات قوتابی هیچ نوسینێك ئەنجامبدات.
– مامۆستا دەتوانێت کەشوهوایەکی خۆش دروستبکات، بەوەی داوایان لێبکات ببن بە پاڵەوانەکانی ناو چیرۆکەکە و نمایش بکەن، یان پرسیاری جۆراوجۆریان ئاراستە بکەن وەك: دەتوانین ناونیشانی چیرۆکەکە بۆ چی بگۆڕین، یان حەزدەکەن کۆتای چیرۆکەکە چۆن بێت...
– بۆ هەر چیرۆکێك (٣ – ٥) بەشەوانەی تەرخانبکرێت.
– بۆ هەر وەرزێك (٢ – ٣) چیرۆك بخوێندرێتەوە، چاکترە لەناوەڕاست و کۆتایی وەرزبێت.

---------------

(١) ئامادەکاری بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین لە قوناغی بنەڕەتیدا / ئیبراهیم باڵدار / وەگێرانی لە عەرەبییەوە د.ئیبراهیم قادر محەمەد.

**پرۆژەیەکی بچوک، مامۆستا دەتوانێت لە پۆلدا ئەنجامیبدات:**

– هەموو قوتابییانی پۆل ڕابسپێرێت، کە هەریەکەو گۆڤارێکی مندڵان، کۆمەڵە چیرۆکێك یان شیعر بۆ مندڵان بۆ پۆلەکەیان دیارییبکەن، ئەگەر (٣٠) قوتابی کتێب یا گۆڤاریان هێنا، ئەوا کۆمەڵێك سەرچاوە کۆدەبێتەوە.
– لە سەرچاوەکان ئەگەر دووبارە هەبوو کێشەك نییە.
– ئەگەر بتوانن دۆلابێك وەك کتێبخانەیەکی بچوك لە پۆلەکەیاندا ڕێکبخەن، کتێب و گۆڤارەکان بە ڕێکوپێکی و بەجوانی لەناویدا ریزبکەن.
– مامۆستا دەتوانێت ئەم سەرچاوانە بۆ خوێندنەوەی چیرۆك بەکاربهێێت، یا قوتابییانیش بەتەنیا بۆ سەیرکردنی وێنەکان یان بۆ خوێندنەوە بەکاریانبهێنن.
– مامۆستا بەردەوام هانیانبدات پەرە بەم کتێبخانەیە بدەن و بیپارێزن.

**نوسینەوە:**

مەبەست لە نوسین بەدەستهێنانی چاپوکییە میکانیکییە پێویستەکانە بۆ کێشانی وێنەی پیتەکان، وشەکان بە ئاشکرا و بەڕوونی، هەروەها بە ئاسانی، وردی و جوان، لە تەك خێراییەکی تایبەت بە نوسین و بەکارهێنانی کەرەسەکانی نوسیندا بنوسرێت، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی توانستی دەبڕینی بیر و هەست بە لێزانییەوە، قوتابی بۆ نوسین پێویستە گەشەی تەواوی هەبێت لەم توانستانەدا:
– دەسەڵاتی بەسەر ماسولکەی گەورە و گچکەکانی هەردوو باڵ و دەست و پەنجەکانیدا بەباشی بشکێت.
– یەکخستنەوە جوڵەی دەست و چاو.
– یەکخستنەوەی جوڵەی دەست و باڵ.
– هاوسەنگی دەمارەکانی.
– توانای ئەوەی هەبێت بیری پرژ و بڵاو نەبێت و بەوردی تێبینی بکات.
نوسین بە چاپوکییەکی ئاڵۆز دادەنرێت، پێویستی بە ڕادەیەکی تەواوی گەشەی لایەنی ژیری وجەستەیی هەیە، هەروەها پێویستی بە ڕێنمایکردنی پلە بە پلە هەیە لە هەنگاوەکانی فێربوونیدا و لە سەرکەوتنی لە پرۆسەی فێربووندا.
لە بازنەی یەکەمی فێربوون و فێرکردندا، نوسینەوە بۆ قوتابی گرانترین چالاکییە، بۆیە دەبێت بە ڕێژیەکی دیاریکراو لە قوتابی داوابکرێت، هەر خێرایەك یان پەلەکردن لە بەرژوەندی قوتابی نییە(٢).

**تێبینی:** پێویستە دەفتەرێك بۆ (نوسینەوە) و دەفتەرێك بۆ (ڕێنوس) تەرخانبکرێت.

---

(٢) بەدەستکارییەوە وەرگیراوە لە : شێوە نوێیەکانی گوتنەوەی زمانن/ د. سەمیح ئەبوو مەغلی/ وەرگێران د. ئیبراهیم قادر محەمەد

## ڕێنوس:

ڕێنوس لەخۆیدا ئامانج نییە، ڕێسای نوسین نەدەدرێتە قوتابی و نە لەبەر دەکرێت، بەڵکو وانەی ڕێنوس مەشق و ڕاهێنانە و لاسایکردنەوەیە، لەگەڵ ڕاهێنان و بەردەوامیشدا قوتابی هەست بە یاساکانی نوسین دەکات و فێریان دەبێت. وانەی نوسین جگە لە ڕاهێنانی قوتابی لەسەر ڕاست و دروست نوسین، وانەی ڕێنوس جگە لە ڕاهێنانی قوتابی لەسەر ڕاست و دروستی نوسین وشەکان، سوودی تری هەیە، گەشەدان بە هەندێ چاپوکی وەکو گوێگرتن، هۆشیاری، و دەرکردن و دەوڵەمەندکردنی سامانی وشە، هەروەها زانیاری و ڕۆشنبیری و شارەزایی.

## جۆرەکانی ڕێنوس:

١. **ڕێنوسی گواستراو:** مامۆستا وشە یان دەستەواژە یان ڕستەکە لەسەر بۆردەکە (تەختەکە) دەنوسێت، بۆیان دەخوێنێتەوە واتای وشە گرانەکانیان بۆ لێکدەداتەوە، قوتابییان دەیخوێننەوە، ماوەیەك سەیری دەکەن، دواتر دەیگوازنەوە سەر دەفتەرەکانیان، بۆ پۆلی یەکەم و دووەمی سێیەمی بنەڕەتی لەبار و گونجاوە.

٢. **ڕێنوسی بینراو:** مامۆستا وشە یان دەستەواژە یان ڕستەکە لەسەر بۆردەکە (تەختەکە) دەنوسێت، دەیانخوێنێتەوە تا تێیبگەن و ئاشنایی لەتەکدا پەیدابکەن، پێویستە جەخت لەسەر وشە گرانەکان بکات، ئەگەر پێویست بوو برگەشیان بکات، با قوتابییان ماوەیەك سەیری وشەکان بکەن، پاشان دەیانسڕێنەوە و داوایان لێدەکات (زەینی و لەبەر) لە دەفتەرەکانیان بیاننوسنەوە. دەتوانێت مامۆستا وشە و دەستەواژە و ڕستەکان لەسەر کارت بۆیان بنوسێتەوە و پیشانیانبدات و لێیان بشارێتەوە، کاری نوسین و سڕینەوە ئاسانتر دەکات و زووتر کارەکە ئەنجامدەدرێت و بەکەڵکتریشە. ئەم ڕێنوسە بەگوێرەی ئاستی قوتابی بۆ پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی بنەڕەتی لەبارە.

٣. **بیستراو بە گوێگرتن:** مامۆستا وشە یا دەستەواژە یا ڕستە دیاریکراوەکان دەخوێنێتەوە، قوتابییان گوێی لێدەگرن، پاشان گفتوگۆکردن و تێگەیشتن و برگەکردنی هەندێ وشەی گران، بۆیان دەخوێنێتەوە ئەوانیش دەینوسنەوە بێ ئەوەی ببینن. ئەم ڕێنوسە بۆ وەرزی دووەمی پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی بنەڕەتی و بازنەی دووەمی خوێندن لەبارە.

٤. **ڕێنوسی ئەزمونی:** مامۆستا وشە یان دەستەواژە یان ڕستەکە دەخوێنێتەوە، قوتابییان لە دەفتەریان دەنوسنەوە، مەبەست لەم جۆرە تاقیکردنەوە هەڵسەنگاندنی توانای و ئاستی قوتابییان لە نوسیندا بە دروستی، دوای تێگەیشتنی واتاو ناوەڕۆکی، بەبێ یاریدەدانیان پێیان دەنوسنەوە، ئەم ڕێنوسە بۆ بازنەی دووەمی خوێندن لەبارە.

## پلانی ساڵانەی خوێندن:

| مانگەکان | هەفتەکان | بەشەوانەکان |
|---|---|---|
| ٩ ئەیلول | ٢ | ٢٠ |
| ١٠ تشرینی یەکەم | ٤ | ٤٠ |
| ١١ تشرینی دووەم | ٤ | ٤٠ |
| ١٢ کانونی یەکەم | ٤ | ٤٠ |
| ١ کانونی دووەم | ١ | ١٠ |
| ٢ شوبات | ٤ | ٤٠ |
| ٣ ئادار | ٢ | ٢٠ |
| ٤ نیسان | ٤ | ٤٠ |
| ٥ ئایار | ٣ | ٣٠ |
| تێکڕایی | ٢٨ | ٢٨٠ |

| وەرزی یەکەم | | | وەرزی دووەم | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پێداچوونەوە | ٣٥ بەشەوانە | ٣٥ بەشەوانە | --- | --- | --- |
| ٨ دەق | ١٠ بەشەوانە | ٨٠ بەشەوانە | ٦دەق | ١٢ بەشەوانە | ٧٢بەشەوانە |
| ٤ هۆنراوە | ٤ بەشەوانە | ١٦ بەشەوانە | ٣ هۆنراوە | ٤ بەشەوانە | ١٢ بەشەوانە |
| ٢ سیناریۆ | ٢ بەشەوانە | ٤بەشەوانە | ١سیناریۆ | ٤بەشەوانە | ٤بەشەوانە |
| خوێندنەوەی چیرۆک | | ١٦ بەشەوانە | | | ٣٠ بەشەوانە |
| کۆی بەشەوانەکان | | ١٥٤ | | | ١١٨ |

قوتابی لە پۆلی دووەمی بنەڕەتی بۆ خوێندنی زمانی کوردی لە کۆی هەردوو وەرزدا، نزیکەی (٢٧٢) بەشەوانەی بۆ تەرخانکراوە، مامۆستا دەتوانێت لە کاتی بوونی هەر پشوویەك، بەدەستکارییەکی کەم بەشەوانەکان لەگەڵ بارودۆخەکەیدا بگونجێنێت.

# ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٤ – ٥ |
| دەستپێك | ٦ |
| **بەشی یەکەم** | ٧ |
| گوتنەوەی دەقی شیعر | ٨ – ٩ |
| گوتنەوەی دەقی پەخشان | ٩ – ١٠ |
| ساڵی نوێمان پیرۆز بێت (شیعر) | ١١ |
| پێداچوونەوە | ١٢ |
| گەڕانەوە بۆ قوتابخانە | ١٣ – ١٤ |
| قوتابخانە (شیعر) | ١٧ – ١٨ |
| پاکو خاوێنی پۆلەکەمان | ١٩ – ٢١ |
| سیناریۆی لە پشووی نێوان وانەکاندا | ٢٣ – ٢٤ |
| مرۆڤی بەسود | ٢٥ – ٢٧ |
| واریێ من (شیعر) | ٢٧– ٢٨ |
| ڕەفتاری هاتوچۆ | ٢٨– ٢٩ |
| هێماکانی هاتوچۆ | ٣٠ |
| سوڕی ئاو (شیعر) | ٣١ – ٣٢ |
| ددانەکانمان | ٣٣ – ٣٤ |
| سیناریۆی بەیتاڵ | ٣٤ – ٣٥ |
| کۆمپیوتەر | ٣٥ – ٣٧ |
| کوردستان | ٣٧ – ٣٨ |
| ئاڵامان (شیعر) | ٣٩ |
| گەشتی شانەدەر | ٤٠ – ٤١ |
| وەرزی دووەم | ٤٢ – ٤٥ |
| **بەشی دووەم** | ٤٦ |
| کارامەییەکان | ٤٧ – ٤٩ |
| گوێگرتن و خوێندنەوە | ٥٠ – ٥٢ |
| نوسینەوە | ٥٢ |
| ڕێنوس و جۆرەکانی | ٥٣ |
| پلانی ساڵانەی خوێندن | ٥٤ |
| ناوەرۆك | ٥٥ |

# ئاو ئایندەیە بەفیڕۆی نادەم.

